کتێبخانەی (PDF)

ڕاپۆرتە چیرۆک

# مەلا جاسم

ڕزگار کۆچەر

پێداچوونەوە: ژیڤان بەکر



2021

Scanned by TapScanner

| ڕاپۆرتە چیرۆک |

# مەلا جاسم

| ڕزگار کۆچەر |

کتێبخانەی (PDF)

Scanned by TapScanner

ناوی کتێب: مەلا جاسم

بابەت: ڕاپۆرتەچیرۆک

نووسەر: ڕزگار کۆچەر

نۆبەتی چاپ: یەکەم چاپی ساڵی ٢٠٢١

پێداچوونەوە: ژیڤان بەکر

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: محەمەد جەبار

چاپخانە: تاران

سەرپەرشتی چاپ: کتێبخانەی ئاشتی

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی(٢٩٥) ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە.

Scanned by TapScanner

**پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی داکم.

- بە ڕۆحی نەمری بابم.

- بەو کەسانەی خۆشیان دەوێم.

Scanned by TapScanner

**سوپاس بۆ:**

- هاوسەری بەڕێزم، منداڵەکانم، خوشک و براکانم.

ئەو کەسانەی لە چاپکردنی گێڕانەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە هاوکارم بوون:

- ژیڤان بەکر

- دکتۆر مەغدید سەپان

- مامۆستا محەمەد گۆران

- فەرمان ناشاد

- کامەران ڕواندزی

- عوسمان هۆرمزیار

- تۆفان جاف

Scanned by TapScanner

**خوێنەری هێژا:**

ئـەو ناوانـەی لـە نێـو ئـەم ڕاپۆرتەچیرۆکـەدا هاتـوون، تەنیـا جاسـم و فـەلاح نەبـێ، ئەوانـی دیکـە نـاوی خـوازراون.

*Scanned by TapScanner*

## پێشگوتن:

ناونیشـانی ئـەم کتێبـە گەلـەک باڵکێشـە، هـەر لـە سـەرەتاوە خوێنـەر تووشـی دڵەڕاوکـێ دەکات، بۆچی «مەلا جاسم!» ئەوەیش پێویستە، چونکی ناونیشـانی سـەرنجڕاکێش چەند دیوێکی هـەس، لەوانـە: دیوێکـی بازرگانییـە، دیوێکـی دیکەیـش مەبەسـتی نووسـەرە، دەرفەتـە دیوێکـی تریـش دەنووسـم، ئەویـش پەلکێشـانی بخوێنـە لەبـۆ خوێندنـەوەی کتێبەکـەی، ئەو تێکەولێکەیەش هەر لـە نووسـەری لێـزان و زۆرزان دەوەشـێتەوە. بێگومـان لەگـەڵ خوێندنـەوەی چیرۆکەکـە، ڕوون دەبێتـەوە کـە ناولێنانـی شاکەسـی چیرۆکەکـە بـە «مـەلا» هیـچ مەبەسـتێکی لـە پشـتەوە نییـە، ڕەنگـە مەبەستیشـی لەپشـتەوە بێت، گرنگـە ئێمـە کەسـانی هەلپەرسـت و بێگـەرد جـودا بکەینـەوە،



Scanned by TapScanner

واتـای ئەوەیـە نییـە هەرکەسـێ بـووە مـەلا ئیتـر فریشـتەیە، نەخێـر لەنـاو هەمـوو چیـن و توێژێکدا مرۆڤی باش و خراپ هـەن؛ مرۆڤەیلێ هـەن کە لەبۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان، هەمـوو ناوێـک لـە خۆیـان دەنێـن!

ئـەم دەقـە، گێڕانـەوەی چیرۆکـی کاولکردنـی شـاری موسـڵە لـە دیـدی ڕۆژنامەنووسـێکەوە، نووسـەر وەک کارەکتەرێکـی نێـو چیرۆکەکـە و گێـڕەرەوەی هەمووشـتزانی چیرۆکەکـە، ڕووداوەکان دەگێڕێتـەوە. هـاوکات خۆیشـی کارەکتـەری سـەرەکییە، لـەم دەقـەدا بـەوردی ئیشـی لەبـارەی هونـەری گێڕانـەوەوە و تەکنیکی گێڕانەوەوە کردووە. کات و شـوێن لە چیرۆکەکـەدا بـە ڕوونـی دەرکەوتـوون. هەوڵـی داوە کارەکتـەرە لاوەکیانیـش گرنگـی تایبەتیـی خۆیانیـان هەبێت؛ پاڵەوانی چیرۆکەکە (شـاکەس) کەسـێکی نامـۆ و هەرەپاسـە، لـە دەسـتپێکی گێڕانـەوەی مێـژووی ژیانـی شاکەسـدا، لـە خێزانێکـی خوێنـدەوار و باوکێکـی ڕۆناکبیـرەوە،



Scanned by TapScanner

لەبۆ بخوێن دەردەکەوێ کە دەبێتە کەسێکی لات، ئەوەیش بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نامۆیە. دواجار پاش هەڵکشان و داکشانێکی زۆر، خۆی لەناو داعش دەبینێتەوە، دیسان عەنتیەکەیە و چیرۆکەکە دەگاتە ترۆپکی گێڕانەوە.

گرنگترین خاڵ ئەوەیە، ڕۆژنامەنووسانمان ئاوها بەشدار ببن لە نووسینەوەی ڕووداو و مێژووی وەڵات و نەتەوەکەیاندا، با وەک نەتەوەکانی دنیا ڕوانینی ڕۆژنامەنووسانەی ڕۆژنامەوانانمان بخوێنینەوە. وەک هایدیگەر لەبارەی خوێندنەوەی تابلۆی پێڵاوەکانی ڤان کوخەوە دەڵێت: «لە میانەی درزی تاریکی دیوی شڕی ناوەوەی ئەم پێڵاوە کۆنانەدا، هەنگاوە ماندووەکانی ژنە جۆتیارەک دەست پێ دەکات، لە سیما و قورسایی، خواروخێچی و هیشکبوونی چەرمەکەدا، شاقاوی ماندوو و ئازایەتی نێو کێڵگە بە دی دەکەین!» دەکرێ ئێمەیش لەگەڵ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەچیرۆکی





Scanned by TapScanner

ڕۆژنامەڤانیێ، ماندووبوون و ئازایەتی ڕۆژنامەنووسەکە بخوێنینەوە. دواجار هەموو دەقێکی ئەدەبی، خوێندنەوە و لێکدانەوەی جودا هەڵدەگرن، لەبەرهەندێ پێویستە کەسانی تر لەبارەی هونەریی چیرۆک، پەیام و هەڵسەنگاندنی کتێبەکەوە بدوێن.

ژیڤان بەکر

## (١)

جاسم، لە هەشتاکانی سەتەی ڕابردوودا، ئەو دەمەی حیزبی بەعس لە عێراقدا باڵادەست بوو، لایەنگرێکی سەرسەختی بەعسییەکانی موسڵ بوو، گەنجێکی تا بڵێی خوێڕی، قومارچی و تەشقەڵەچی...

جاسم بە هۆی ئەوەی زۆر ئارەزووی لە شەڕ و ئاژاوە بوو، ئەو دەمە گەنجەکانی گەڕەک زۆر لێی دەترسان، هەموو خۆیان لێ لا دەدا، تەنیا فەلاحی هاوڕێی نەبێت، کە لە خۆی زۆر خوێڕیتر بوو و هەردووکیشیان سیخوڕییان لەبۆ مولازم هادی دەکرد، کە ئەو دەمە ئەفسەرێکی دەستڕۆیشتووی دائیرەی ئەمنی موسڵ بوو.





Scanned by TapScanner

١٠ ڕۆژێک بوو چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش)، لە کۆڵانەکانی دواوەی دەستی ڕاستی موسڵ بەتایبەت لە گەڕەکی (مەئموون)، بە تێکشکاوی شارەکەیان چۆل کردبوو، هێشتە تۆز و تەمی شەڕ لەگەڵ دووکەڵی خانە سووتاوەکانی ئەو شارە تێکەڵ بووبوون، کەناری دیجلە کەف و شەپۆلی خوێن تێیدا تێکچڕژا بوون...

چۆلەکە و کۆترە شینەکانی کەلاوەی گەڕەکەکانی فاروق، دەواسە، سەرجخانە و بازرای ماسیفرۆشان، بەترسەوە لە ئاسمانی ئەو شارهدا لە شەقەی باڵیان دەدا، لە نێو پاشماوەی کەلاکی تەرمە بۆن گرتووەکاندا لایەکی شار ژیان تێیدا ڕاوەستا بوو، بەیانییەکی زوو کاتێک لە نێو کەلاوەکانی گەڕەکی مەئموون خەیاڵم بۆ چیرۆکێک دەچوو، لە یەک کاتدا بیست چیرۆک لە مێشکم و بەر چاوم دەبوونە فیلمێکی بێ کۆتایی.



Scanned by TapScanner

ئەوە مرۆڤێک لە گیرفانی مردووەکاندا دەگەڕێت! یەکێکی تر هەر دوو دەستی لە پشتەوە بەستراوە گوللەیەک لە کەلی سەری کۆتایی بە ژیانی هێناوە. لە ژێرزەمینی خانووەکی نێزیک کڵێسای ساعە، ماڵە کلدانییەکی ئاشتیخواز بووەتە گۆڕستان و دەیان لاشەی بۆگەنی تێدا نێژراوە. ژنێک بۆ دەرهینانی هەر تەرمێک، ملیۆنێک وەردەگرێت و لە دەنگ و ڕوخساریدا وەک مردووخۆرەکان بە پێکەنینەوە دەڵێ: ئەوانە ئاژڵن لەبۆ مردن باشن.

ژنێکی تر، لە ترسی چەکدارەکان ناو و مەزهەبی خۆی دەگۆڕێ، بە دەستەکانی کەللەسەری چەکدارێکی داعش بەرز دەکات و دەڵێ شارەکەمیان وێران کرد...

لە نێو ئەو هەموو کەلاوەدا، گوڵە لاولاوەیەک، پەلکەکانی تۆزیان گرتووە، لە هەیوانی خانووەکی وێراندا بالای بەرز بووەتەوە، لە بەر سێبەری دیوارێکی ڕووخاودا چەند





Scanned by TapScanner

چەکدارێک پشـوو دەدەن.

ئـەوە دەبێ ماڵی کێ بێت، تـا ئێسـتە ژیـان تێیـدا بەردەوامـە؟

ئـەم پرسـیارە لـە ئـاوەزی بینـەردا دەزرینگێتـەوە. چەکدارەکان لـە نێو خۆیانـەوە مشـتومڕ دەکـەن و یەکیـان بـە دەنگێکی بـەرز دەڵـێ: ئـەوە ماڵـی والـی موسـڵە، یەکێکـی تـر دەڵـێ مـادام وایـە دەبـێ بیتەقێنیـەوە؟!

چەکدارێکـی تـر دەڵـێ: دیوارەکانـی هەمـوو وێـران بـوون، خانـووەک هیچـی نەمابـێ، ئـەو گوڵـە لاولاوەیـە نەبـێ، بـا ئەویـش لـە ڕەگـەوە دەربێنـن. گەورەکەیـان دەڵـێ زوو ئـەو لاولاوەیـەش بقرتێنـن بـا سـەوزایی تێکەڵـی خوێـن و بۆنـی شـەڕ نەبێـت.

گەڕەکێـک زۆرینـەی خانووەکانـی خاپووربـوو بـن، هیـچ ئاسـەوارێکی شـاری تێـدا نابینـرێ. هەمـوو ئـەو دیمەنانـە خەیاڵیـان وردوخـاش و بۆنـی تەرمـێ مێشـکی کاس کردبـووم،



Scanned by TapScanner

شارێک هێندە وێران بووبێ، کە سەگ و پشیلە لە برسان پارچە گۆشتی لاشەی مردووەکانیان دەخوارد. پێش ئەوەی چەکدارەکان گوڵە لاولاوەکە بقرتێنن، پیاوەکی ڕیشنی ڕوخسار ماندوو، لە چەکدارەکان نێزیک بووەوە، پێی گۆتن: کچەکەم و هاوسەرەکەم، ١١ ڕۆژە لەژێر کەلاوەی ئەو خانەوە ماون، ئێوە و خوداتان تەنیا دەمەوێ تەرمەکانیان دەربێنم.

پاش ماوەیەک بێ دەنگی، چەکدارەکان پشتیان لە پیاوە بەساڵاچووەکە کرد و وەڵامیان نەداوە، یەکیان بە پێکەنین دەڵێ: با ڕیشی بسووتێنین، ئەو سەگبابە بە ئەندامانی داعش دەچێ. پیاوەکە دووپاتە دەکەوێتە سەر چۆک و بە هەردوو دەستی ئاماژە بە ماچ کردنی پێڵاوەکانیان دەکا.

- لێتان دەپاڕێمەوە، هاوکاریم بکەن!
- ئاخر خۆشەویستەکانم لێرە بۆگەن بوون، ئێوەیش موسڵمانن هاوکارم بن، بە شێوەیەکی شایستە بە خاکیان بسپێرین.



Scanned by TapScanner

یەک لە چەکدارەکان بەگاڵتەوە بە پیاوە پیرەکە دەڵێ: باشە هاوکاریت دەکەین، بەڵام پێمان بڵێ ئەو گوڵە لاولاوەیە لە ماڵی کێ بەرەو ئاسمان هەڵچووە؟

پیاوە پیرەکە دەستێک بە تەوێڵی دادەهێنێ و دەڵێ:

- ئەوە ماڵی (مەلا جاسم)ە!

ئیتر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە، هەموو ئەو دیمەنانەی لە خەیاڵمدا بوون، تۆمارم کردن؛ بەڵام ناوی (مەلا جاسم) هەر لە خەیاڵمدا ماوەوە. بەیانی زوو، بە کامێرا و کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانمەوە چوومەوە گەڕەکی (مەئموون) لە نیوەی ڕێگەدا چەکدارێک ڕێگەی لێ گرتم.

- بۆ کوێ؟ ئیرە ناوچەی شەڕە، مەترسی لەسەر ژیانت هەیە، هێشتە بۆمبەکان پاک نەکراونەتەوە!

- پسوولەی کارکردنم هەیە، من بۆ ئاژانسێکی بیانـی لێـرە ئیـش دەکـەم، دەمـەوێ بـە دنیـا بڵێم چەکدارانـی داعش چیان بەسـەر موسڵدا هێنـاوە. (بـە زەردەخەنـەوە)

چەکدارەکە لێم نێزک بووەوە، گۆتی:

- مـن هـاوکارت دەبـم، بـەڵام نیـوەڕۆ پێکـەوە دادەنیشـین، خـۆم دانیشـتووی ئـەم گەڕەکـەم، تەمەنـی منداڵیـم لێـرە بەسـەر بـردووە، کـە داعشـەکان هاتـن ڕام کـرد، چونکـە پۆلیـس بـووم، ئێسـتەیش دەمبینـی! ماڵەکـەم کاول بـووە، خۆشـم بەرپرسـی ئاسایشـی ئـەم گەڕەکـەم، زانیـاری وردم لەسـەر گـەورە و بچووکـی گـەڕەک هەیـە.

- زۆر چاکـە، ژمـارەی تەلەفۆنەکەتـم بدەیـە، بەڵێنـم بـێ ئەمجـارە کـە لـە هەولێـرەوە هاتـم، هێندێـک هەنگیـون و گوێـزت بـۆ دێنـم.

- هـەر کارێکت لـە موسـڵ هەبوو، پێش ئـەوەی بێیـت تەلەفۆنـم بـۆ بکـە، لـە خزمەتتـدا دەبـم.

کەمێک لێم دوور کەوتەوە و بە هێمنی چووە سەر کورسییەکی شکاو، کە پێ دەچوو لە ماڵێکی گەڕەکی مەئموون دەری هێنابێ، ناوەناوەیش بە تیلەچاوێ سەیری دەکردم. چەند هەنگاوێک ڕۆیشتم، گەیشتمەوە نزیک گوڵە لاولاوەکە، دیار بوو چەکدارەکان دەستیان لێ نەدابوو، ئەویش کەمێک ڕەنگی لە جاران سەوزتر بووبوو، تۆزی شەڕی هێدی هێدی لەسەر لقوپۆپ لا چوو بوو. کەمێک لێی نێزیک بوومەوە، پیاوە بەساڵاچووەکەی دوێنێ دووپاتە هاتبوو سۆراغی تەرمی خانەوادەکەی دەکرد. جانتاکەی پشتم دانا و دەبەیەک ئاوم پێ بەخشی.

- حاجی زۆر هیلاک دیاریت، پێم بڵێ تەرمەکانت دەرهێنا؟

پیاوە بەساڵاچووەکە لێم نزیک بووەوە و گوتی:

- تۆ کوردیت؟

ڕزگار کۆچەر



Scanned by TapScanner

- بەڵێ من کوردم.
- خەڵکی کوێیت؟
- هەولێر.
- باشترین خەڵکن، زۆر هاوکارییان کردین.
- ئێستە لە کوێ دەژیت؟
- وەڵا کوڕی خۆم دەربەدەر بووین، ماڵم وێران بووە.

سەرگەرمی گفتوگۆین، لە ناکاوەوە چەکدارێک قسەی پێ بڕین و سەیری پیاوە بە ساڵاچووەکەی کرد، پاش کەمێک تێڕوانین باوەشیان لێک ئاڵاند، کردیانە هەرا، ها عەمۆ ها عەمۆ...

منیش دڵم خۆش بوو، لە دڵی خۆمدا گوتم ئەوە دۆستی خۆی دیتەوە، لە دەرهێنانی تەرمی خانەوادەکەیشی هاوکاری دەبێ. زۆری نەبرد، ئەوان لەمن دوور کەوتنەوە، پیاوە بەساڵاچووەکە چەکدارەکەی پێش خۆی خست و ڕوویان لە خانووە ڕووخاوەکە کرد. ئەمبولانسێک هات، لە نێویان کچێکی



Scanned by TapScanner

لەچـک لـە سـەر دانیشـتبوو، پـاش ماوەیـەک گـەڕان، لەگـەڵ گریانـی پیـاوە بەسـاڵاچووەکە چەنـد تەرمێکیـان خسـتە نـاو کیسـێکی نایلۆنـی ڕەشـەوە. پیاوە بەسـاڵاچووەکەیش بە هـەردوو دەسـتی لـە چۆکـی خـۆی دەدا. چەکدارەکـە مـاوە، پیـاوە بەسـاڵاچووەکەیش لـە پشـتەوەی ئەمبۆلانسـەکە بەگریانـەوە لەسـەر تەرمـەکان دانیشـت.

تـا نیـوەڕۆ، هـەر وێنەیەکـم گرتبـا، دەهاتمـەوە لای چەکدارەکـە؛ ناوەنـاوەش بـۆ ڕازیکـردن و متمانـەی زیاتـر وێنەکـی چەکدارەکـەم دەگـرت، ئەویـش بـە دوو پەنجـەی ئامـاژەی بەسـەرکەوتن دەکـرد .دەفتـەر و قەڵەمێکـم لـە کـن بـوو، بـەوردی زانیارییەکانـم دەنووسـین. بـۆ نموونـە لێـم دەپرسـی: ئـەوە ماڵـی کێیـە؟ ئـەو مزگەفتـە نـاوی چییـە؟ ئـەو خانـووە چـۆن وێـران بـوو؟ داعشـەکان چـۆن بـوون؟ ئـەو پیـاوە بەسـاڵاچووە چـی تـۆ بـوو؟ تـا گەیشـتینە باسوخواسـی ئـەو خانـووە کـەلاوەی

گوڵــە لاوەلاوەکانــی تێــدا بــەرز ببوونــەوە.

- ئەوە ماڵی مەلا جاسمە.

- مەلا جاسم کێیە؟



Scanned by TapScanner

## (٢)

ماڵی ئەو دوو برادەرە لە موسڵی کۆن بوو، ڕێک لە تەنیشت (سوق سماکین) بوون، خانووی ماڵی جاسم دەیڕوانییە ڕووباری دیجلە، ماڵی فەلاحیش چەند ماڵێک لەوان دوورتر بوو. جاسم گەنجێکی ڕەشتاڵەی سمێڵ قەترانی، دەمانچەیەکی دەسکسۆری بە قایشی پانتۆڵەکەیەوە دەبەست. ئەو دەمانچەیە مولازم هادی پێی بەخشی، پاش ئەوەی لە بەردەم (ڕەفیق مزبان) بە دە پەنجە مۆری کرد، کە خزمەتکاریی ڕێبازی بەعس بێت، تا ماوە پیاوەکی دڵسۆز و گوێڕایەڵی بنەماکانی حیزب و شۆرش بێت...

جاسم شەرمی لە کەس نەدەکرد، هەر بەڕووتی دەمانچەکەی لە نێکی دەنا و قۆڵەکانی فش دەکردنەوە، شای بە سەپان نەدەزانی، زۆریش پێی خۆش بوو پێی بڵێن مفەوەز جاسم. مفەوەز جاسم ئەو دەمانەی لە بازگەی خازر دەوامی دەکرد، زۆر جار بە جەمەدانەیەک دەموچاوی خۆی دەپێچاوە، تا کەس نەیناسێت، چونکە ناوەناوە بۆ پیاسە دەهاتە هەولێر و لە هەولێریش لای چایخانەی باییز لاقی لەسەر لاقی دادەنا، تا دەروێش قادر نەهاتبا کنی لێی دادەنیشت بێ ئەوەی حیساب لەبۆ یەک کەس بکات. دەورێش قادر کوردێکی دانیشتووی هەولێر بوو، تەمەنی لە سەرووی شەستەکانە، بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ (ئەمن) چەند جارێک پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لەناو شار بۆمبیان بۆ دانابووەوە، بەڵام بەر نەدەکەوت، ئەو دەروێشە دوو کچی زۆر شۆخ و نازاداری هەبوون، کەم بەرپرسی ئەمن هەبوو سەردانی ماڵی دەروێش قادریان نەکردبێ؛ لەبەر دەروێش نا، بەڵکە لەبەر





Scanned by TapScanner

کچەکانی، کە دواجار یەکی بە بەڕێوەبەری ئەمنی مەخموور دا و ئەوی دیکەیشی بەسەر ئەفسەرێکی ئەمن ساغ کردەوە. پاش ئەوە بە ملیدا هات، هەر چەند کچە گچکەکە زۆر بچووکیش بوو. ئیتر لە دوای بەشووودانی کچەکانی دەورێش، جاسم ئەوندە سەردانی ئەو ماڵەی نەدەکرد.

جاسم، کە لە هەولێر دەگەڕاوە موسڵ لە خازر لای دەدا، نەدەگەڕاوە ماڵ، چونکە لە ماڵەکەی خۆی ئەوندە دانەدەکەسا، ئیتر هەموو ئەو کۆستەرانەی ڕادەگرت، کە لە موسڵەوە بۆ هەولێر دەهاتن و یان لە هەولێرەوە بۆ موسڵ دەچوون. شەڕی بە خەڵک دەفرۆشت، باج و ناسنامەی لە یەکە یەکەی سەرنشینان وەردەگرت. کێی بە دڵ نەبووبایە ڕایدەگرت و سووکایەتی پێ دەکرد.

جاسم زۆر ڕقی لە کوردان بوو، ماوەیەک پاسەوانی تایبەتیی عەبدوڵا وەحش بوو، بێجگە لە پارەوەرگرتن و وەرگرتنی بەرتیل،



Scanned by TapScanner

هەرچی ئازار و زوڵم و زۆرداری هەن، بەرانبەر بە کورد پێکەوە لەگەڵ عەبدوڵا وەحش دەیان کرد. بەتایبەت زۆر ستەمی لەو ئەو کوردانە دەکرد کە بۆ کەلوپەل هێنان هاتوچووی موسڵیان دەکرد، یانیش زۆر جار هاموشۆی مەرقەدی پێغەمبەر یوونسیان مەبەست بوو، لەوێش لەسەر ڕێگەی خۆیان هەندێ کەلوپەلیان دەهێناوە.

جاسم، کە مەست دەبوو، بۆ ئەوەی خەڵکی گەڕەکەکەی خۆی بترسێنێ، زۆر جار مولازم هادی و عەبدوڵا وەحشی دەهێناوە، لە بەردەم کڵێسای (ساعە) ڕاستوڕاست تا پردی کۆن، ئەوەی پێی باش نەبوو، بە گرتنی دەدان یان داوای ناسنامەیان لە یەکە یەکەی ئەو گەنجە قوتابییانە دەکرد، کە لە پشووی هاویندا نەدەبوونە جەیش شەعبی، جاسم زۆرینەیانی دەناسی.

ئەوکات، ئەو گەنجانە زۆرینەیان بۆ کاتبەسەربردن لە کازینۆیەکەی لەیالی

موسڵ دۆمینەیان دەکرد، جاسم دەچووە ئەو کازینۆیە قۆڵەکانی فش دەکردەوە، بە هەڕەشە و چاوسۆرکردنەوە بە باوکی فەخری خاوەنی کازینۆ لەیالی موسڵی دەگۆت: پێویستم بە هاوکاری ماددی هەیە، دەنا سزاتان دەدەم. جا چ پارەی وەرگرتبا یان بێ ئەوەی یەک فلوس بدا، بە ئارەزووی خۆی چاو و قاوە بۆندارەکەی کازینۆی دەخواردنەوە. زۆرجاریش بە دەنگێکی بەرز دەیگۆت: چای هەمووان لەسەر حسێبی من بەبێ ئەوەی دەست لە گیرفانی بنێ یان فلوسێک سەرف بکات. ماڵی جاسم، خانووەکی کۆنی سەردەمی بیستەکانی سەتەی ڕابردوو لە گەڕەکی کۆنی مەئموون بوو، خانووەک گۆشەکانی پڕ لە نەخش، ماڵێک گوڵەلاولاوە تا بەلەکۆنەکەی قاتی دووەمی خانووەکە، بەژنی خۆی بەرەو بن هەورەکان هەڵکێشا بوو، ماڵێکی ئەوەندە جوان، هەمیشە سێبەری دیوارە بەرزەکانی بووبووە شوێنێک بۆ دانیشتنی ژنانی گەڕەک. زۆر جار ژنەکانی گەڕەک بەردەم دەرگەکەیان بە ئاو دەڕشاند (ئاوڕشێن)،



Scanned by TapScanner

چونکە جاسم دایکی نەمابوو، باوکیشی لە دار درابوو، دوو خوشکیشی زوو شوویان کردبوو، ئیتر ئەو ژنانە تا پێش ڕۆژئاوابوون خەریکی قسەوباسی کۆڵان و ماڵەوە دەبوون، ئاخر ئەو ناوچەیە کۆڵانەکانی ئەوندە تەسکوتریسک بوون، بەحاڵ ترومبێل پێیدا تێ دەپەڕین، بۆ ئەوانیش شوێنێکی گونجاو و سێبەرەکی خۆشی دانیشتنێ بوو.

ماڵی جاسم، ماڵێک بوو پڕی کتێب بوو، بەڵام هەموو کتێبەکان تۆزیان لەسەر نیشتبوو، جاسم پاش لە داردانی یوونسی باوکی، زۆر بەکەمی دەچووەوە ماڵ، مەگەر لە بێ پارەیی چووباوە، بۆ ئەوەی یەک دوو کتێبی ناوازەی باوکی لە کتێبخانەکانی بازاری دەواسە بفرۆشێت. هەموو جار جاسم دەیگوت یووسڕا، بۆیە ئەم وردەکارییانەت بۆ باس دەکەم، دەزانم ڕۆژێک دێت تۆیش دەیانگێڕیتەوە؛ بەڵام جاسم بیری لەوە نەکردبووەوە، ڕەنگە ڕۆژێ ئاوها بۆ ڕۆژنامەنووسێکی بگێڕمەوە!



Scanned by TapScanner

ئـەو كـورە بابێكـی خوێنـدەواری هەبـوو، بـەڵام خـۆی ڕقـی لـە خوێنـدن و خوێندنـەوە بـوو. بـە زۆری و چاوسورکردنەوەی باوکی نەبا، قەت تا پۆلی شەشـی ئامادەیی تەواو نەدەکرد. یوونسـی بابی جاسم پێش ئەوەی لە دارە بدرێت پیاوێکی ناسـراوی موسـڵ بـوو، ڕیـش سـپییەکی جوانـی ئەو گەڕەکە بوو، زۆر جار لەگـەڵ قەشـە مڕبێن لـە بـەردەم وێسـتگەی شـەمەندەفەر و کڵێسـای سـاعە تـا درنگانـی شـەو، دادەنیشـتن. شـەوێ قسەوباسـیان دەکـرد، یوونسـی بابـی جاسـم جیـاوازی لـە نێوان مرۆڤـی مەسـیحی و ئیسـلام نەدەکرد، کەسـێکی نیشـتمانپەروەر بوو، ئەونـدە گرنگـی بـە ئاییـن نـەدەدا، هەمـوو جـار دەیگـۆت ئـەوەی مـن و مڕبێـن کـۆ دەکاتـەوە، مرۆڤایەتـی و پێکـی عارەقـە. هەنـدێ جار قەشـە مڕبێن لـە کاتـی خواردنـەوەدا، لـە یوونـس تـوڕە دەبـوو، بـە پێکەنینـەوە ڕووی لـە هـاورێ موسڵمانەکەی دەکرد و دەیگۆت پێم ناڵێی جاسمی کوڕت بە کـێ چـووە، خـۆ ئەونـدە سـەرەڕۆیە، بـۆ گرتنـی کۆترەکانـی کڵێسـا هەرچـی جامـی پەنجـەرەی



Scanned by TapScanner

کڵێساکه هەیە، دەیشکێنێ. ئێجا کوڕەکەت خۆ هەر بەرد لە کڵێسا ناگرێت، دەپەڕێتەوە ئەو بەر تا لە مەرقەدی نەبی یوونس و نەبی شیت، داو بۆ کۆترە شینەکان دابنێتەوە. زۆر جار یوونس بە قسەکانی قەشە مڕبێن نیگەران دەبوو، پێی خۆش نەبوو بەخراپە باسی تاقە کوڕەکەی بکەن، لە دڵی خۆی دەناوە، زۆر جار مەزاجی تێک دەچوو، ئاخ لەدوو ئاخی هەڵدەکێشا، بەڵام هەرگیز دڵی نەدەهات قسەکانی قەشە مڕبێن ببڕێ، چونکە خۆی بەمنداڵی نازێکی زۆری دابووە جاسم، دەشیزانی کوڕەکەی گەنجێکی قەرپ و لاملە.

مەلا یاسنی دوکاندار، دەیگۆت: کاتی خۆی، بابی ئەو جاسمە خوێڕییە پیاوەکی زۆر باش و هێمن بوو. ئەفکاری شیوعیەتی هەبوو، بەڵام قەد دژایەتی هیچ ئاینێکی نەدەکرد، پیاوێک بوو داکۆکی لە خەڵکی هەژار دەکرد و دژی چەوسانەوەی مرۆڤ بوو.





Scanned by TapScanner

یوونس بە هۆی ئەوەی لە وێستگەی شەمەندەفەردا کاری کردبوو، زمانی ئینگلیزیی بەباشی دەزانی، پیاوەکی بەڕێز و زۆر خانەدان بوو، زۆرینەی دانیشتوانی گەڕەک و مەلا یاسین، چونکە باشیان دەناسی قەت بە خراپە باسیان نەدەکرد، بەڵکە دەیانگۆت زۆرینەی پیاوانی گەڕەکی فێرە نووسین و خوێندنەوە کرد، بەرام نازانم ئەو کوڕەی بە کێ چووە!

ساڵی ١٩٥٩ حەرەکەی شەواف بە سەرۆکایەتیی عەقید (عەبدولوەهاب شەواف) لە موسڵ دروست کرا، یوونس لەگەڵ شیوعییەکان لە بەرپەرچ دانەوە و سەرکووتکردنی ئەفسەرە یاخییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، کە دەیانویست کودەتا بەسەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمدا بکەن؛ چونکە ئەو دەمە یوونس لەگەڵ هاوڕێ شیوعییەکانی لە هێزی بەرگری میللیدا بەرگرییان لە دەستکەوتەکانی شۆرشی عەبدولکەریم قاسم دەکرد. ئەو سەردەم، یوونس خۆی پێ پیاوێکی شیوعی



Scanned by TapScanner

بـوو، شـیوعییەکانیش هاوکارێکـی چاکـی عەبدولکەریـم بـوون، بۆیـە هەمیشـە دژی ئـەو ئەفسـەر و بزوتنـەوە سیاسـییانە دەبـوون، کـە دەیانویسـت دەسـەڵاتی عەبدولکەریـم بڕوخێـنن. کـە باسـی یوونـس دەکـرا، مـەلا یاسـن بـە هـۆی ئـەوەی دەراوسـێ و نزیکـی ماڵـی یوونـس بـوو، بـە سـەربادانەوە دەیگـوت: کـە کودەتـای شـەواف سـەری نەگـرت پـاش چـوار ڕۆژ لـەم ڕووداوەدا ١٧ کەسـایەتی موسـڵ لـە دادگەیەکـی شـیوعییانە، لـە قوتابخانـەی (دواناوەندیـی شـەرقییە) دادگەیـی کـران و بڕیـاری لـە داردانیـان بـۆ دەرچـوو. مـەلا یاسـن بەشـێکی ئـەو ڕووداوەی لـە پێـش چـاوی هـەر مابـوو، کـە باسـی ڕۆڵـی یوونسـی بابـی جاسـمی دەکـرد، دەیگـۆت کـە مـولازم ئیبراهیـم ئـەو ١٧ کەسـایەتییەی بەشـداری شـۆرشـی شـەوافی دادگەیـی کـرد، پـاش گواسـتنەوەیان لـە دواناوەندیـی شـەرقییە بـۆ ناوچـەی دملجـەی موسـڵ تـا گوللـە بارانیـان بـکات. یوونـس یـەک بەدەنگـی خـۆی هـاواری دەکـرد و دەیگـۆت: مـردن بـۆ ناپـاکان، مـردن بـۆ ناپـاکان، بژیـی سـەرکردە بژیـی سـەرکردە.

جاسم باش دەیزانی، بەعسییەکان لە کودەتای ٨ی فێبریوەریدا لەگەڵ ڕوخانی عەبدولکەریم یوونسی بابیان دەستگیر کرد و پاشان لە بەندیخانەی موسڵ لە داریان دا، بەڵام ئەو گوێی بەوە نەدەدا، کە کێ بابی کوشتووە، ئەو دەیویست کەسێکی تر بێت. بە هۆی ئەوەی ماڵی جاسم لە ڕووباری دیجلەوە نێزیک بوو، جاسم مەلەوان بوو، بەڵام قەت حەزی لە ڕاوە ماسی نەدەکرد. خۆ هەر ئەو مەلەوان نەبوو، ژن و منداڵی گەڕەک هەر هەموویان، کە چاویان دەکردەوە، دایکیان لە کەنار دیجلە لە ناو تەشتێک سەریانی دەشووشت، هەر ئەوەیش بووبووە هۆکاری ئەوەی زۆریان مەلە بزانن. جاسم زۆر کات لای دوکانەکانی ماسیفرۆشان، کە نێزیک بوو لە ماڵیان، ڕادەوەستا؛ خاوە و پارەی لەو کاسپکارانە وەردەگرت، کە لەو بازاڕە کاسپییان دەکرد.

ئەفسەر جاسم، تا بڵێی کەسێکی سەرەڕۆ بوو، هەموو ئێواران لە کەناری دیجلە یەک بتڵ عارەقی مستەکی دەخواردەوە. زۆر جار ماسیگرەکان چەند سوورەماسییەکیان بۆ سوور دەکردەوە، وەک مەزە بۆیان دەبردە کەنار ڕووبارەکە، ئەگەر زەوقیشی خۆشبایە، لەگەڵ فەلاحی دەراوسێیان کۆنە پردی موسڵی تێ دەپەڕاند و لە گەڕەکی عەتشانەی ئەو بەر، سەرێکی لە ماڵی (ئەبوو شامل) دەدا.

زۆر جار کە بێپارە دەبوو، دەسەڵاتەکەی خۆی بە کار دەهێنا و دەمانچە دەسکسۆرەکەی قیت قیت لە کەلەکی دەنا، شۆڕ دەبووەوە، بۆ ماڵی (ئەبوو شامل) لە عەتشانە، چونکە دەیزانی ڕۆژانی پێنجشەممە گەنجەکانی هەولێر بۆ مێبازی سەردانی ماڵی (ئەبوو شامل) دەکەن. لەو ماڵەدا هەرچی بێوەژنی جوان هەن، بە بیست دینار، لە ژووره تاریکەکەی قاتی سەرەوەی خانووەکەدا، بۆ ماوەیەک، یەک لەدوو یەک نۆرەیان لەسەر دەگیرا.

ئێــواران، ڕاوچییەکانــی کەنــاری دیجلــە بەلەمەکانیــان نێزیــک کەنارەکــە ڕادەگــرت، ئیتــر فانۆســێک بــەس بــوو تــا بازنەیــەک لــەو ناوچەیــە ڕوونــاک بکرێتــەوە، یــان بــە ســووتاندنی چەنــد پارچــە دارێکــی وشــکبووی سنۆبەرەکانی دارســتانە چڕەکــەی موســڵ، شــوێنی دانیشــتنیان بــە قســەی خــۆش و بــە دەم خورادنــەوەی بیــرەی شــەهرەزاد گــەرم دەکــرد و دواییــش تــا بەرەبەیــان، خۆیــان مەســت دەکــرد. ئینجــا پــاش ســەرخەوێک بــە نۆبــە دووپاتــە تۆڕەکانیــان لــەو ســەری دیجلــە بــۆ ئــەو ســەری درێــژ دەکردەوە و لەگــەڵ شــەپۆلە ســەرشــێتەکانی دجلــەدا، هێندێــک گــۆرانــی یاردلــی یاردلــی بەیانــی ڕۆژێکــی نوێیــان دەکــردەوە. جاســم لــە خواردنــەوەدا کــەس وەک ئــەو نەبــوو، خــوا نــەکا بۆنــی عارەقــی مســتەکی کردبــا، تــا بتڵێکــی تــەواو نەکردبــا وازی نەدەهێنــا.

زۆر جاریش فەلاحی هاوڕێی منداڵی بە زمانێکی پچڕپچڕ جەوی جاسمی تێک دەدا و دەیگوت: قارەمانێکی وەک تۆ، چۆن ڕازی دەبێت منداڵە کورد لە هەولێرەوە بێنە موسڵ و لەگەڵ ژنەکانمان ڕابوێرن، زۆر جار فەلاح و جاسم پاش مەست بوون نەدەگەڕانەوە گەڕەکی مەئموون، بەڵکە دەیانزانی ماڵەکەی (ئەبو شامل) قەرەباڵغە، باشترین کاتیشە لەبۆ ئەوی بچن خاوە وەرگرن، بەتایبەت لەو کوردانەی زمانی عەرەبی نازانن. هەر ژوورێکی ئەو ماڵە، چەند سۆزانییەکی تێدا بوو، ژنەکەی ئەبوو شاملیش خۆی سەرپەرشتییانی دەکرد، هەر ئەویش مامەڵەی لەگەڵ سێکسکڕان دەکرد. جوانییەکەی لەیلای هاوسەری ئەبوو شامل، ڕادەبەردەر بوو، هەر ئەو جوانییەش وای لێ کردبوو دۆستێکی زۆری هەبێت. بەتایبەت مولازم هادی، کە جاسم پێی ناساندبوو.

لە هەشتاکانی سەتەی ڕابردوو تا ساڵی دوو هەزاریش، لەیلا ماڵەکەی خۆی کردبووە




Scanned by TapScanner

شوێنک بۆ دەیان ئافرەتی سێکسفرۆش؛ بێجگە لە خۆی و خوشکی، خوشکی ئەبوو شامل و چەند ئافرەتێکی تریش لەوماڵەدا سێکسیان دەفرۆشت. زۆرینەی زۆری سێکسکڕەکانیان ئەو سەربازانە بوون، کە لە خوارووی عێراقدا بۆ سەربازی هێنرابوونە موسڵ، یان بەشێک لە قوتابیانی زانکۆی موسڵ بوون، بەشێک لەوانیش گەنجانی شاری هەولێرن، کە زیاتر ڕۆژانی پێنجشەم و هەینی دەهاتنە موسڵ، دواییش سەرێکیان لە ماڵی (ئەبوو شامل) دەدا. لەیلای ژنی (ئەبوو شامل) هەموو جار ئەو ژنانەی تازە دەهاتنە لای پێشوەخت، پێش ئەوەی ئیشیان پێ بکا، بە جاسمی پیشان دەدان، ئەویش لە دەرفەتێک مولازم هادی لەگەڵ خۆی دەهێنا و نەیاندەهێشت ئەو شەوە هیچ سێکسکڕێک بێجگە لەوان لەو ماڵە بن؛ تەنانەت ئەبوو شاملیش، لە قەسابخانەکەی نێزیک ماڵی خۆیان، کە شەوان دوکانەکەی دەکردە دوکانی تکە و کەباب لێدان، جگەرە لەدوو جگەرەی دەکێشا، دەم نادەمیش لە

پێش خۆی دەیگۆت ئەو شەوە درێژە کەی کۆتایی دێت!

جاسم زۆر جار شەوانە، پاشی سەرجێیی خەوی نەدەهات، دەیگوت یووسڕا خەوم نایەت، وەرە باسی ڕۆژانی نەفرەتی گەنجێتیت بۆ بکەم، منیش گوێم لێی دەگرت، ئەویش بە پێکەنینەوە بۆمی باس دەکرد. (ئەبوو شامل) پیاوێکی سپی تۆزێک قەڵەوی جلداشە لەبەر بوو،ماڵەکەی ئەو شوێنێکی باش بوو بۆ ئەوەی پیاوانی بەعس چاودێری ئەو کوردانە بکەن، کە لە گەراج شیمال دەهاتنە خوارێ، دواتریش لە گەڕەکی عەتشانە دوو دوو خۆیان دەخزاندە ماڵەکەی ئەبوو شامل و تا گیرفانیشیان لە بیوەژنەکانی ئەو ماڵە بەتاڵ نەکردبا نە دەهاتنە دەر. جاسم چەندان جار بە فەلاحی برادەری گۆتبوو لەو ماڵە ئابڕووی دەیان کوردمان بردووە، گیرفانی دەیانی تریشمان بڕیوە.



Scanned by TapScanner

جاسم هەر چەندە خویڕییەکی ناوداری موسڵ بوو، بەڵام پیاوەکی ئاقڵی دەزگەی سیخووری ئەمنە، زۆر بەجدی و دڵسۆزی ئیشی خۆی دەکرد. هەر جاسم بوو بە مولازم هادی گۆت: هێندێ کورد، تەنێ ژن، پارە، ڕابواردن و نانی هەبێت، برای خۆی ناناسێت. جاسم لە ماڵی ئەبوو شامل چەندان کوڕ و پیاوی کوردی لە کاتی ڕابواردن گرتبوو، هێندێکی بە لێدان و پارەلێوەرگرتن تەمبێ کردبوو؛ وای لێ کردبوون تا ماون نەیەنەوە موسڵ، هێندێکیشی کردبووە چاوساغی خۆی، بە زمانە سادەکەی خۆی بەو کوردانەی دەوت (کە لای ژنەکانی ئەبوو شامل گیرابوون) دوو ڕێگەتان لە پێشە، یان هاوکاری ئێمە دەبن، یانیش لە ئەمنی ئاداب دەست بەسەر دەکرێن و ئابڕووتان دەچێ.

بە پێکەنینەوە قسەم پێ بڕی و گوتم:



Scanned by TapScanner

- یووسـڕا خانـم، ڕۆژەک جاسـم و فـەلاح لـە ماڵـی (ئەبـوو شـامل)، قاسـم و فازڵـی گەڕەکـی ئێمەیشـیان گرتبـوو، پاش لێدانێکـی زۆر، سـەر و سـەت دیناریشـی لێسـتاندبوون، پێشـیانی گۆتبـوو ئـەو جـارە لـەو ناوچەیـە بتانبینـم، لاقتـان دەشـکێنم... سـەت دینـار! ئاخـر گەلـەک زۆرە، ئـەوان بـە بیسـت دینـار ژوانێکیان لەگەڵ ژنەکانی لای ئەبوو شامل ڕێک دەخست، کەچی پێنـج قـات پارەیـان لـێ وەرگیـرا. خۆشـییەکەی لـەوە بـوو، فـازڵ و قاسـم خۆیـان پـێ شـەقاوەی هەولێـرێ بـوو، کەچـی جاسـم خـاوەی لـێ وەگرتبـوون، نەشـدەوێران لای ئەمجـەدی ئامـر سـریەی فەوجەکەیـان باسـی بکـەن، چونکـە هەر ئەمجـەد بـوو فـازڵ و قاسـمی فێـرە ماڵـی ئەبـوو شـامل کردبـوو. هـەر خۆیشـی پارەی بـە قـەرز دابوونـێ، تـا کـە فـازڵ و قاسـم نـۆرەی پـازدە ڕۆژەکـەی خۆیـان لـە جاشـایەتی تـەواو کـرد، پارەکـە بدەنـەوە ئەمجـەد، ئیتـر فـازڵ و قاسـم وا ڕاهاتبـوون، کـە پـازدە ڕۆژەکـەی خۆیـان لـە ڕەبایـەی جاشـایەتی تـەواو دەکـرد، دەبـوو لـە

موسڵ، سەردانێکیماڵی ئەبوو شامل بکەن.

وەک بڵێی چیرۆکی فازڵ و قاسم لای نوێ و سەمەرە بوو، ئێجا یووسڕا قسەکانی تەواو کردن: جاسم ئەوندە لە خۆی ڕازی بوو، حسێبی بۆ یەک پیاوی گەڕەک نەدەکرد. زۆر جار، کە تووشی شەڕ دەبوو پاش چەند کاتژمێرێک دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە ئەمن و ئیستخباراتی دەهێنا گەڕەک، بە کەیف و هەوەسی خۆی چەند گەنجێکی بە گرتن دەدا، شەقیشی لە هێندێکی تر هەڵدەدا. تەنانەت جارەک موحسین سەیاد دوو چەقۆی لە شانی ڕاستی جاسم دا، وای لێکرد هەموو دانیشتوانی مەئموون و فاروقی هێنا سەیرانی، ئاخر موحسین سەیاد خۆی پیاوەکی توند و ئازا بوو، لەناو بەعسیش دەستی دەڕۆیی، ئەوندە حسێبی بۆ قۆڵ فشکردنەوەکانی جاسم نەدەکرد.



Scanned by TapScanner

موحسین سەیاد وەک جاسم نەبوو، ڕاستە ئەو ئەمن بوو، بەڵام باوەڕپێکراوی ماڵی سەرۆک بوو، دەسەڵاتێکی باشی لە موسڵ هەبوو، جارەک جاسم خۆی بە فەلاحی گوتبوو، لۆیە هیچم بەرانبەر بە موحسین پێ نەکرا، چونکە ئەو پیاوە دەتوانی پەتکی لە لە مل بکا و بە هەمان شێوە پەتکیشت لە مل بکاتەوە. جاسم لە دەواسە لەگەڵ چەند گەنجێکی گەیارە تووشی دەمەقاڵێ دەبێ، ئەو ئێوارەیەیش جاسم تێر شەق دەکرێ و هیچی پێ ناکرێت، بۆیە ماوەیەک خۆی بزر دەکات، تەنانەت فەلاح و هاوڕێکانیشی نازانن چی بەسەر هاتووە، چونکە هەموو دەموچاوی شین مۆر بووبوو. ئیتر جاسم بەس لە پێش ماڵی خۆیان ئازا بوو، دەنا زۆر جار شەقی پێ کەوتبوو.





Scanned by TapScanner

## (٣)

لـه ڕاپرینـی سـاڵی ١٩٩١دا گەلـی کوردسـتاندا، جاسم ماوەیـەک ون دەبێت، خەڵکی گەڕەکەکەی خـۆی وا دەزانـن لـە هەولێـر کـوژراوە، پێـش ئـەوەی ڕاپەڕیـن دەسـت پـێ بـکات، ماوەیـەک بـوو ڕاژەی جاسم گوسـترابووەوە سـەر ئەمنی هەولێر، پاش دەرکەوتنـەوەی جاسـم لـە موسـڵ، جارێـک جاسـم لای فەلاحـی هاوڕێـی گۆتبـووی لەگـەڵ مستەشـارێکی کـورد بـە هـاوکاری مەفـرەزەی حزبیکـی کـوردی تـا چیـای زەرتـک برابـوون و لـە مـردن ڕزگاریـان بووبـوو.

فـەلاح لـە بـارەی قووتاربوونـی هاوڕێیەکـەی بـە خەڵکـی گەڕەکـی گۆتبـوو جاسـم بـە شـەڕ و مقاوەمەکـردن خـۆی قووتـار کـردووە،





Scanned by TapScanner

بۆیە پاش ساڵی ١٩٩١ جاسم زیاتر لە ئەمنی موسڵ باوەڕی پێ کرا، پلەکەیشی بەرز کراوە، بووە ئەفسەر لە دائیرەی ئەمنی موسڵ و دیسان لە بازگەی خازر ئەرکی پێ سپێردرا.

پاش کۆچڕۆکەی ساڵی ١٩٩١، جاسم چەند ڕۆژێ گەڕابووەوە هەولێر، هەر لە هەولێریش لەگەڵ خۆی چەند ماڵێکی تاڵان کردبوو، فەلاح لە چایخانەی ئەبوو لەیلی بە شانازییەوە گۆتبووی لەگەڵ جاسم دوو لۆری پڕ لە خۆراک و ئازووقەمان لە بازاڕی هەولیرێ هێنا و دوایی فرۆشتمانەوە.

جاسم تەمەنی گەیشتە چل ساڵان، بەڵام ژیانی هاوسەری پێک نەهێنا بوو، هەمیشە بە دوای ژنانی سێکسفرۆشدا دەگەڕا، وەکی جاران هاوڕێیەتی مولازم هادی نەدەکرد، چونکە خۆی پلەی مولازمی یەکەمی ئەمنی وەرگرتبوو، بێجگە لەوەیش مولازم هادی بە هۆی وەرگرتنی بەرتیل ڕاژەکەی گواسترابووەوە پۆلیسی هاتوچوو، بەڵام هاوڕێیەتی خۆی و فەلاح هەر وەکی خۆی بوو.




Scanned by TapScanner

خۆ زۆر جاریش، کە فەلاح لە سەربازی ڕای دەکرد، بەخۆی دەستگیری دەکرد و دواییش ئازادی دەکرد. فەلاح ئەوەندە زیندانی کرابوو وای لێ هاتبوو بێ بەندیخانە نە دەژیا، هەر لە زیندانیش وێنەیەکی گەورەی گۆرانیبێژی ناسراوی سووری (ئەسمەهان)ی لە پشتی بە گەورەیی هەڵواسیبوو، چونکە خۆی گوتبووی زۆر سەرسامە بەو ژنە هونەرمەندە، هەر کاتێکیش فەلاح لە زیندان ئازاد بووبایە، پاش ماوەیەک لە دەرەوە دەبوو کێشەیەک دروست بکا.

جاسم ناچار دەبوو فەلاح ئازاد بکات، دواجار جاسم پێشنیازێکی بۆ فەلاحی هاوڕێی کرد، کە لە دائیرەی ئەمن وەک باوەڕپێکراوێک دایبمەزرێنێ، بەو مەرجەی لەژێر بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو دەرنەچێت، بۆیە ماوەیەک فەلاح لە دائیرەی ئەمن وەک باوەڕپێکراوێکی ئەمن، کاری دەکرد و زۆرجاریش لە شەقامی زانکۆ بەردەم زانکۆ موسڵ، ڕادەوەستا؛



Scanned by TapScanner

یانیش لای چێشتخانەی کەباب و لەبن ئەربیلی وەستا عەبدوڵا کوردی چایەکی دەخواردەوە و چاودێری خەڵکی ئەو ناوچەییەی دەکرد.

ئەم شوێنە بۆ ئەو، شوێنێکی باش بوو، هەموو جار جاسم پێی دەگوت کوردەکان ئەوانەی دێنە موسڵ یان لەوێ کۆ دەبنەوە، یانیش لە ترشیاتفرۆشی شیفا لای دەستەڕاستی باڵاخانەی پارێزگان، بۆ ئێمە باشە بزانین لەم شوێنانە کێ دەبینن و چ دەکەن و چ ناکەن.

ئەو دەمە ژمارەیەکی زۆر کورد لە موسڵ هەبوون، بەشی زۆریان جاشێتی بوو، بەشێکیان خەریکی کاسپی بوون. هەر بە سروشت موسڵ شارێکی پڕ خێر و کاسپی بووە، کوردەکان زیاتر لە بەرەی دەست چەپ بوون، هێندێک لەوان زیاتر لە بازاڕی (نەبی یوونس) خەریکی کاری سەوزەفرۆشتن و کاری گۆشتفرۆشی بوون.





Scanned by TapScanner

کوردەکانی موسڵ، زۆرینەیان ئەوەندە خەریکی سیاسەت نەبوون، چونکە خەڵکی کاسپ بوون، بەڵام ئەو کوردانەی پاش ساڵی ١٩٩١ لە هەولێر، ئاکرێ و دهۆک خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی نەکرد هەر جاش بوون، زۆریان لە موسڵ نیشتەجێ بوون، هێندێک لەوان کێشەی عەشایەرییان هەبوو، هێندێکی تریش سیخوور و کەسانی دژەشۆرشی کورد بوون.

جاسم ڕقی لە هەموو کوردێک بوو، جاش بایە یان باش بایە، جیاوازی لە نێوانیان نەدەکرد، لە دائیرەی ئەمنیش لە ژووری فایلی کورددا ئەرکی چاودێری جموجووڵی کوردەکانی لە ئەستۆ بوو، خۆیشی نەیدەشاردەوە، کە چەندان سیخووڕی کوردی هەن. یەک لەوانە خورشید بوو، خورشید کوردێکی کرمانجی یەک لە گوندەکانی هەولێر بوو، حەفتەی دوو جار یان سێ جار دەهاتە موسڵ، لە شەقامی زانکۆ فەلاحی دەبینی، ئینجا هەرسێکیان



Scanned by TapScanner

بۆ ئەوەی لە چاوی خەڵک دوور بن، دەچوونە کازینۆیەکانی ناوچەی غابات. خورشید پێشتر خۆی پێشمەرگە بوو، بەڵام پاش ئەوەی فەرماندەکەی دوو پێشمەرگە ڕادەستی حکومەت دەکات، هەردوو پێشمەرگەکە لە دار دەدرێن، ئیتر کابرا دەبێتە مەفرزە خاسە، بەڵام لە ڕاپەرینی گەلی کوردستاندا، لە لایەن خانەوادەی ئەو دوو پێشمەرگەیەوە تۆڵە لە فەرماندەکەی دەکەنەوە، خورشید بەر لێخۆشبوونەکەی بەرەی کوردستانی دەکەوێت و ماوەیەک دەبێتە چەکداری (ی.ن.ک) دوایی لەو حیزبە دەر دەکرێت. پاش ماوەیەک خۆی لە لای پارتی دەبینێتەوە و دواتر دەبێتە چەکداری ئەو حیزبە، بەڵام هەموو کات خورشید قاچێکی لە هەولێر و قاچەکەی تری لە موسڵە. زۆر دەوڵەمەند و باڵادەست دەبێت.

فەلاح، کە لەگەڵ جاسم و خورشید دادەنیشت، بۆی نەبوو زۆر قسە بکا، تەنیا گوێی ڕادەگرت. فەلاح گوتبووی: هەموو جار جاسم

بە خورشیدی دەگوت هەموو هەوڵێک بدە تا لە هەولێر متمانەت پێ بکەن، هەموو شتێک بکە تا بە دڵسۆزی بتبینن؛ گرنگ، کە هاتیە موسڵ هەگبەت پڕ لە زانیاری بێت و هەموو جموجووڵێکی حیزبە کوردییەکانم پێ بڵێ، تەنانەت زانیاری حیزبەکەی خۆشتمان بۆ بنووسە.

جاسم هیچ متمانەی بە خورشید نەبوو، کە کاتی گەڕانەوەی دەهات سەفتەیەک بیستوپێنجی چاپی لە گیرفانی دەنا و بە فەلاحی دەگوت: تا خارز لەگەڵ خۆتی ببە. بەڵام، کە گەیشتییە نزیک بازگەکە خۆتی لێ جیا بکەوە و لە بەردەم کوردەکان سووکایەتی پێ بکە، تا هیچ گومانێکی لێ نەکەن. خورشید کە بە کۆستەرەکە دەگەیشتەوە، یەکەم بازگەی پێشمەرگە هەموو موسافیرەکانی ناو کۆستەرکە ڕوویان لە ئەفسەری بازگەکە دەکرد و دەیان گۆت بە خوا ئەو پیاوە زۆر سووکایەتی پێ کراوە، ئەمنەکان زۆر شەقیان

لێی داوە، تکایـە هـەر لەبـەر خاتـری ئـەو زوو ڕێگەمـان بـدەن.

جاسـم ئـەو دەمـەی لـە دائیـرەی ئەمنـی موسـڵ دەبێـت، بێجگـە لـە فەلاحـی هاوڕێـی زۆرینـەی چاوسـاغەکانی کـورد دەبـن، چونکـە خـۆی بەرپرسـی فایلـی کوردەکان بـوو، هەموو دەمیش بـە فەلاحـی دەگـوت: وریا بە، مـن متمانە بە کورد ناکـەم، چونکـە هێندێ کـورد خۆفرۆشـن، لەسـەر ژنەکانـی خۆشـیان دەنووسـن، بۆیـە دەبێ زۆر وریـای خۆمـان بیـن، نابێ نهێنییەکانمـان بزانـن.

فـەلاح و جاسـم ڕاسـتە لـە دەزگـەی ئەمـن و ئیسـتخباڕات پێکـەوە ئیشـیان دەکـرد، بـەڵام لـە وەرگرتنـی بەرتیـل دەسـتیان نەدەپاراسـت، هەمـوو ئیشـێکیان بـە پـارە دەکـرد، بـەڵام زۆر بـە نەهێنـی و زۆر بـە ئاگەدارییـەوە.

خورشـید خـۆی ئەهلـی خـواردن و کەیفوسـەفا بـوو، لـە سـەردەمی ماڵـی (ئەبـوو شـامل)ەوە جاسـمی دەناسـی، ئاخـەر لـەو سـەردەمەیش

هاتوچووی موسڵی دەکرد، کە دەهاتە موسڵ بە حیسابی جاران پێی خۆش بوو، شەوێک لەگەڵ جاسم و فەلاح بۆ ڕابواردن بمێنێتەوە، بەڵام جاسم لەو دەمەی پلەی وەرگرتبوو زۆر دەترسا شتێکی لەسەر ببێتە بەڵگە، بۆیە زۆر بەشاراوە ئیشەکانی خۆی دەرکرد، خۆ ئەگەر زۆریش حەزی بە خواردنەوە کردبا، هەر لە ماڵە کۆنەکەی خۆی دەماوە.

پاش ئەوەی دایکی بە نەخۆشی مرد، دوو خوشەکەیشی شوویان کرد، ماڵ بۆ ئەو چۆل بوو، بۆیە زۆر جار، کە هیچ ئیشێکان لە دائیرە نەمابا جاسم فەلاحی ڕادەسپارد خواردن و خواردنەوە ئامادە بکات، بۆ ئەوەی بە یادی جاران لە بەلەکۆنەکەی ماڵی خۆیان ڕوو لە دیجلە سەریان گەرم بکەن.

هاوڕێیەتی جاسم و فەلاح زۆر بەتین بوو، زۆرترین نهێنی یەکتریان دەزانی، جاسم باش باش دەیزانی فەلاح پیاوەکی نێربازە، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی لای فەلاح باسی

ئیشـە قۆڕەکانـی بکات، چونکـە بـە گوتـەی خـۆی لـەو کارانـە بـە قسـەی ئـەو نـاکا.

خـۆ ئـەو ئێـوارەی فـەلاح لـە شـەقامی (بـاب تـۆپ) بـەر شـەق درا، ئەگـەر جاسـم نەبایـە دەمـەک بـوو گیانـی لـە دەسـت دابـوو، هـەر جاسـم لـە بن دەسـتی خوێڕییەکانـی (بـاب تـۆپ) قـوورتاری کـرد، بـە قسـەی جاسـم، کـە لای مـولازم خزەیـەر باسـی کردبـوو، فـەلاح دەمێکـە کاری نێربـازی دەکات، بەتایبـەت لەگـەڵ ئـەو هەرزەکارانـەی لای شـەقامی زانکـۆ، کـە ئارەزووی تۆپانـێ دەکـەن و هاندەری سـەرەخستی یانـەی (فتـوە)ی موسـڵین، جاسـم گۆتبـووی فـەلاح زۆر لـەو گەنجانـەی حیـز کـردووە.

جاسـم زۆرجـار ئامۆژگاریـی فەلاحـی دەکـرد واز لـەو سـووخەتە خراپـە بێنـی، بـەڵام قـەت بـە قسـەی نەدەکـرد تـا دواجـار فـەلاح دەسـتدرێژیی سێکسـی دەکاتـە سـەر مێرمنداڵێـک و ئیتـر پـاش ئـەوەی لێژنـەی لەسـەر دروسـت دەکرێـت، بڕیـاری دەسـتگیرکردنی بـۆ دەردەچێـت.





Scanned by TapScanner

پاش ماوەیەک مانەوە لە زیندانی (بادۆش)، ڕەوانەی بەندیخانەی (ئەبوو غریب) دەکرێت، بە نووسراوێکی ئەمن، فەلاح لە دادگای باڵا بڕیاری زیندانی هەتا هەتایی بۆ دەردەچێ.

ساڵی دووهەزار، پاش ئەوەی ماوەیەک فەلاح لە زیندان دەمێنێتەوە، جاسم لە بەندیخانە سەردانی دەکات، بەڵام دواجار چی تر ناتوانێ سەردانی بکات، چونکە دۆخی عێراق بەرەو خراپی دەڕوات جاسمیش وەک جاران ناتوانێ لەسەر کەیفوسەفای خۆی بەردەوام بێت.

هەر لەسەر کارەکانی فەلاح، پێشتر چەند جارێ جاسم لە سەرووی خۆی ئاگەدار دەکرێتەوە، کە ئەو تەزکییەی فەلاحی کردووە تا لە ئەمن ئیش بکات، دواجاریش فەلاح ئەو کەسە خراپە بووە، بۆیە چەند جارێک لێپرسینەوە لەگەڵ جاسم دەکرێت.

جاسم زۆر شەرمەزاری سەرووی خۆی دەبێت. هەرچەندە فەلاح لە زیندانە، بەڵام پێوەندییەکانی خورشید و جاسم وەک جاران دەمێنێ، وەلێ دەبێ جاسم خۆی خورشید بهێنێ تا هەواڵەکانی هەولێری بۆ بگوازێتەوە. ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات، ئیتر تا جاسمیش سەرووی خۆی لە دۆخەکە بگەینێ ناچار بوو پێوەندیی لەگەڵ خورشید نەپسێنێ، چونکە خورشید پێش ئەوەی دەوڵەمەند بێت ئەوندە کەساس و ملحیز دەهاتە پێشچاو، لەبۆ چەند بیستوپێنجیەکی چاپ ئامادە بوو ڕۆژی دەجار خۆی بفرۆشێت.

خورشید بە هۆی ئەوەی هاوڕێی زۆری لە موسڵ هەن، ڕۆژەک بە جاسم دەڵێت: ژنێکی بۆ بخوازێت، چونکە بە گوتەی خۆی پێی خۆشە حەفتەی سێ ڕۆژ لەو شار بمێنێتەوە، جاسمیش لە ترسی ئەوەی خورشید نەک دوو جەمسەر سیخوور بێت، سەرەتا بیرۆکەی ژنهێنانی خورشید ڕەت دەکاتەوە، بەڵام





Scanned by TapScanner

پاشان بیر دەکاتەوە و دەڵێت چ دەبێت ئەگەر وا بکەم خورشید ژنێک بخوازێت، کە دۆستی خۆمە ئەو دەمە دەستم کراوەتر دەبێت لە هاتوچووکردنی ئەو ژنە.

چوار پێنج ساڵێک پێش ئەو مێژووە، جاسم دۆستێکی بەناوی هەیفا دەبێ، کە دوو منداڵی هەیە و پێشتر هاوسەرەکەی لە شەڕی کوێت کوژراوە. ماڵی لە گەڕەکی سۆمەرە، حکوومەتیش بە هۆی ئەوەی پێشتر هاوسەرەکەی پیاوی حکوومەت بووە، بەعسیەکی دڵسۆز بووە، هاوکارییەکی زۆری دەکەن و بێجگە لە مووچەی شەهیدانە دۆخیشی زۆرباش دەبێت، بەلام دۆستی جاسمە.

هەرچەندە جاسم ناوەناوە بە ناوی هاوکاری دەچێتە ماڵی هەیفا، بەلام لە ترسی دائیرەکەی ناتوانی وەک پێویست لای بمێنتەوە، بۆیە جاسم، هەیفا بۆ خورشید پێشنیاز دەکات و لە دائیرەی ئەمنیش مەلەفی خورشید لە بەردەم ڕەفیق عیسا ڕاوی دادەنێت،

دەڵـێ پیـاوی خۆمانـە ئەگـەر ئـەو ژنەیشـی بـۆ بخوازیـن زیاتـر دڵسـۆزمان دەبێـت، دەتوانیـن زیاتـر کۆنترۆڵـی بکەیـن.

هەیفا ژنێکی سـپیتاڵەی بـەژن ڕێکـی چاوشـینە، ژنێکـی بەرچـاوە، ئەگەرچـی تەمەنیشـی لـە سـییەکان بێـت، بـەڵام وەک بڵێـی تـازە کچێکـی چاردە سـاڵانە... جاسـم هـەر خـۆی بـە خورشـید دەڵێ ژنێک دەناسم تا بڵێی ڕێکوپێکە، ئەگەر ئەو بخـوازی ئـەوە دۆخـت تـەواو دەگـۆڕێ، حیزبیش زیاتـر متمانـەت پـێ دەکا، هـەر ئـەو دەمەیـش وێنەیەکی هەیفا، کە لـە نـاو جزدانەکەی خۆیتی پیشـانی خورشـید دەدا، خورشـید بـێ یـەک و دوو دەڵـێ ئامـادەم ماڵیشـی لەبۆ دابنێم. جاسـم پێدەکەنـێ و دەڵـێ تـۆ هەقـت نەبـێ، دەبـێ ئـەو مـاڵ بـۆ تـۆ دانـێ، تـۆ تەنیـا مـارەی بکـە، هەقـت لـە هیـچ نەبی. گرنـگ ئـەوەی دەمانـەوەی دەبێـت لـە هەولێـر بۆمـان بکەیـت. خورشـید تـا سـاڵی ٢٠٠٣ پێوەندیـی لەگـەڵ بەعـس هـەر دەمێنـێ، هەرچەنـدە خۆیشـی باوەڕپێکـراوی حیزبێکـی

کوردییە، بێجگە لەوەی یەک دوو کوڕیشی لە ناو ئەو حیزبە پلەی سەربازییان هەیە.

خورشید پیاوەکی بالاّ بەرزی شانومل پڕە، هەمیشە جلکی کوردی لەبەر دەکات و جەمەدانییەکی قیت قیت دەبەستێ. دواجار جاسم، هەیفا ڕازی دەکات و خورشید دەبێتە هاوسەری هەیفا، چەند شەوێکی حەفتە لای دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە هەولێر، ئینجا جاسم ئەو کاتانەی خورشید لە ماڵی هەیفا نییە، بە هەلی دەزانێت خۆی ژوانی لەگەڵ دەکات، ئەو سێ شەوە دوو شەو لای ئەو دەمێنێتەوە.

پێوەندیی خورشید و هەیفا تا ئەم چەند ساڵەی دواییش هەر بەرەوام دەبێت، دواجار، کە لە ٢٠٠٣دا ڕژێم دەڕوخێت، جاسم ماوەکی زۆر خۆی لە موسڵ دەرباز دەکات، ماوەیەک دێتە هەولێر خانووەک دەگرێ، خورشید زۆر هاوکاری دەکا بە هۆی ئەوەی باوەڕپێکراوێکی گەورەی حیزبە، بێجگە لەوەیش خورشید

ئـەو دەمـەی موسـڵ تـاڵان دەکـرێ و خەڵـک بەلێشـاو ڕوو لـە موسـڵ دەکـەن، دەچێـت ماڵـی هەیفـا دەهێنێتـە شـارۆکەی خەبات(کەڵـەک) بەبێ ئـەوەی کەسـێک بزانـێ کـە ئـەو ژنـە هاوسـەریتی، لـە شـارۆکەی خەباتـدا خانووەکـی بـە کـرێ بـۆ دەگرێـت.

خورشـید ئەونـدە متمانـە بـە جاسـم دەکات، لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە خەبـات لەگـەڵ هەیفـا جێـی دەهێڵێـت، بـە خەڵـک دەڵـێ: ئەوانـە ژن و مێـردن، لێیـان قەومایـە تـا ئەویـش، کـە هاتـە ماڵیـان بـە فورسـەتی بزانـی لەگـەڵ هیفـا بمێنێتـەوە. کـەس نازانـێ چەنـد سـاڵێکە خورشـید لـە موسـڵ ژنێکـی هێنـاوە، کـە لـە بنەڕەتدا تەنیـا لەسـەر کاغـەز ژنـی ئـەوە، دەنـا جاسـم هەمـوو شـتێکی لەگـەڵ دەکا، بـە ئـارەزووی هەیفـاش جاسـم لای دەمێنێتـەوە.

پێـش ئـەوەی ڕژێمـی عێـراق بڕوخێـت، زیندانییـەکان زۆرینەیـان ئـازاد دەکرێـن، ئیتـر فـەلاح پـاش ئازادبوونـی لـە بەغـدا دەمێنێتـەوە، ناگەڕێتـەوە موسـڵ، چونکـە ئابـڕووی چـووە.



Scanned by TapScanner

لەسەر نێربازیش گیراوە، ئیتر بۆ ماوەیەک لە گەراجی نەهزەی بەغدا ئیش دەکات و دواییش پاش چەند ڕۆژێک لە کەوتنی بەغدا دەستی لەگەڵ گرووپێکی دزی تێکەڵ دەکات، ماوەیەکی زۆر دەست بە ڕاوڕووتی دەکەن. تا دواتر لە زیندانە سیاسییەکان بە زیندانی سیاسی ناوی خۆی تۆمار دەکات و وەک کەسێکی دژەڕژێم قبووڵ دەکرێت، ئینجا پاش ماوەیەک هەر لە ڕێگەی هاوڕێیەکی خۆی، کە شیعە مەزهەبە و پێشتر لە زیندانی (ئەبو غەریب) یەکدییان ناسیوە، پلەیەکی سەربازی لە سوپای تازەی عێراقی وەردەگرێت.

جاسم ئەو دەمەی لە خەبات لای هەیفا دەبێت، هیچ هەواڵی فەلاحی هاوڕێی نازانێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە موسڵ ستەمی زۆر کردییە، ماوەیەک خۆی لە خەبات دەشارێتەوە و بێدەنگ دەبێت. دواجار دەگەڕێتەوە موسڵ بەڵام زۆر دەرناکەوێ ئەوەندەیش هاموشۆی هیفا ناکات.



Scanned by TapScanner

## (٤)

سەیری جوانییەکەیم دەکرد و پێم گوت: خاتوون یووسرا قاوەکەت سارد دەبێتەوە، بە بێدەنگی قومێک قاوەی فڕ کرد، بەردەوام بوو، گوتی:

جاسم لە پاش ساڵی ٢٠٠٦ەوە ڕیشی کەمێک سپی دەبێت، ماندوو دەردەکەوێت، لەم دۆخەیش ماندوو بووە. ڕۆژێک مەلای مزگەوتی نوور (مەلا خالید حەلەبی) دەناسێت و هانی دەدات تۆبە بکات، جاسم بە قسەکانی مەلا خالید زۆر سەرسام دەبێت، زۆری پێ ناچێت لە پیاوێکی لات دەبێتە ئەهلی مزگەوت و تۆبە دەکات.




Scanned by TapScanner

ئیدی ئەو دەمە بە هۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی چەند جارێک جاسم دەگیرێت، کە دەشگیرێت مەلەفی کۆنی دێتە گۆڕ، کە پێشتر پیاوی ئەمن بووە، بەڵام زۆر نابات قوورتار دەبێت. دیسان دەگەڕێتەوە مزگەوت، درێژە بە کاری دینداری خۆی دەدات.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا، کە شەڕی تاقمچییەکان لە عێراق دروست دەبێت، بە تەواوی لایەکی موسڵ دەکەوێتە دەست خەڵک، بەتایبەت گرووپەکانی سوپای موجاهیدین، سوپای محەمەد و سوپای بەرگریی ئیسلامی، ئەو دەمە زۆرینەی بنکەکانی پۆلیس ئەو گرووپانە دەستی بەسەر دادەگرن، مەلا خالید لە تەقەی هێزە تەناهییەکان دەکوژرێت، ئەو ڕۆژە لای جاسم ڕۆژەکی زۆر شووم دەبێت. لەگەڵ خەڵکی لای مزگەوتی نوور تا ناوچەی ئیسلاح زراعی شەقامەکان دەگرن، تایە لە شۆستەکان دەسووتێنن، ئاگر لە زۆرینەی بنکەکانی پۆلیس بەر دەدەن، دەیان دروشم دژی دەسەڵاتی



Scanned by TapScanner

ئەو دەمەی عێراق دەڵێنەوە. دواجار حکومەتی عێراق، هێزێکی زۆر ڕەوانەی موسڵ دەکات، یەک لەو هێزانە ئەفسەرێکی لەگەڵ دەبێت بە ناوی نەقیب (فەلاح)، ئەو فلاحەی پێشتر نزیکترین هاوڕێی جاسم بووە. ئەو فەلاحەی لەسەر نێربازی گیرا، دوایی بووە پیاوەکی شۆڕشگێڕ و زیندانیکراو!

فەلاح خەڵکی موسڵ بوو، بەڵام مێژووەکەی لاپەڕەیەکی ڕەشی ئەو شارەیە، بۆیە دوودڵ نابێت لە سەرکوتکردنی خەڵکی شارەکەی خۆی، خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن، خەڵکێکی زۆریش دەستگیر دەکرێن، جاسم دەکەوێتە دەست هێزە تەناهییەکان، ئەوانیش نەقیب فلاحی هاوڕێی سەرپەلیانە...

پاش لێکۆڵینەوە، جاسم و فەلاح یەکتر دەناسنەوە، جاسم سەیری بەوە دێت کە فەلاح پلەیەکی باڵای لە سوپای تازەی عیراق هەیە، لەوەیش سەیرتر دووبەدوو و ڕووبەڕوو بە فەلاح دەڵێ من دەزانم تۆ لەسەر چ زیندانی

کرابوویت، فەلاح لە ترسی ناوزڕاندنی خۆی و پیاوەتی جاسمی بیر ناچێت، ئەو ڕۆژە ئازادی دەکات و پێی دەڵێ واز لە مزگەوت بێنە، قازانج دەکەیت، دەنا چارەنووست کوشتنە.

بەڵام جاسم لە جاران زیاتر ئیمانی بەهێز دەبێت و لە جاران زێتر هاموشۆی مزگەوت دەکات، بەوە ڕاناوەستی، هانی گەنجانی موسڵ دەدا دژی دەسەلاتی حکوومەتی عێراق بووەستنەوە. بۆیە چەند جارێکی تریش زیندانی دەکرێت، ماوەی شەش مانگ لە (بادۆش) دەمێنێتەوە. لە بەندیخانەیش جاسم هەمان ئیشی خۆی دەکات، نوێژ و ڕۆژوو، قورئان دەخوێنێتەوە. کاتی خۆی لە زیندانەکاندا تەواو جیا دەکاتەوە، تا ڕۆژەک فەلاحی هاوڕێی دێتە سەردانی و پێی دەڵێت ئەمجارەیش دەبمە کەفیلت، بەڵام ئەگەر دەتەوەێ تەمەنت درێژ بێت، لە موسڵ مەمێنەوە، چونکە دەتکوژن، دوور نییە خۆم بتکوژم.

ئیتر جاسم ئەو جارەو کە ئازاد دەبێت دووپاتە لە ڕێگەی خورشید دێتەوە هەولێر، دواجار خورشید لە ڕێگەی چەند قاچاغچییەکەوە جاسم دەگەیەنێتە تورکیا. جاسم کە لە تورکیابوو، بەتەواوی خۆی لە عێراقییەکان جیا دەکاتەوە، لە ناوچەی ئیمننۆ لە ناوەڕاستی ئیستانبول نزیک مزگەوتی ڕۆستەم پاشا ژوورێک بە کرێ دەگرێت، زۆرینەی کاتەکانی لەو مزگەوتە بەسەر دەبا، ئەو ماوەی جاسم لە ئیستانبولدا دەمێنێتەوە، پارەیەکی زۆر خەرج دەکات، ئەو پارەیەی پێش کەوتنی (موسڵ) ئەمەریکییەکان لە فرۆشتنی خانووەکەی پێیان دابوو. جاسم، کە لە ئیستابنولە کەسێکی سووری بە ناوی (ئەبوو نەبا) دەناسێت، زۆر هاوڕێنە. ئەبوو نەبا بەڵێن بە جاسم دەدات، لەگەڵ خۆی داخیلی سنووری سووریای بکات.

بۆیە بەیانیەک جاسم لەگەڵ ئەبوو نەبا بەقاچاخ داخیلی سووریا دەبن، ماوەکی زۆر لە گەڕەکی (حەجەر ئەسوەد)ی شامدا دەمێنێت،

مەلا جاسم



Scanned by TapScanner

لەوێ زۆرینەی کۆنە بەعسییەکان دەناسێتەوە، کە لەو گەڕەکە بە هۆی هەرزانی کرێی خانووە زێدەڕۆیەکان لەم شوێنە نیشتەجێ بوونە، جاسم بە هۆی ڕیشی زۆر و شەڕواڵی کورت و جلداشەی کورت، ناوی دەنرێت (مەلا جاسم) و دەبێتە کەسێکی ناسراوی ناو عێراقییە ئاوارەکان، کە زۆرینەیان لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە لە ئوردنەوە ڕوویان لە سووریا کردبوو.

بە هۆی زۆری بەعسییەکانی سووریا، جاسم زۆر لە هاوڕێکانی خۆی دەبینێتەوە، هادی عێراقی و مزبان حسێنی و زۆری تر. ئەوان زۆر هانی جاسم دەدەن، جاسم لە ڕێگەی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتوەکان سووریا جێ دێڵێ، بەڵام جاسم دەڵێت عێراق بە کەسانی وەک فەلاح بەڕێوە ناچێ، دەبێت ئەو وڵاتە لە داگیرکاری ئێرانی سەفەوی (مەبەستی شیعەکانە) ڕزگار بکرێت.



Scanned by TapScanner

ماوەیـەک لـە سـووریادا، لـە ڕێگـەی گرووپـی سـوپای محەمـەد خـۆی ڕێـک دەخـات، فێـری زۆر وانـەی شـەرعی و جیهـادی دەبێـت. ئـەو گرووپە ڕاستە ناوێکی ئاینی بە دواوەیە بەڵام لـە ئەسـاس زۆریـان ئەندامانـی کۆنـی حیزبـی بەعـس بـوون، هێنـدەی پـێ ناچـێ لـەو گرووپـە جیـا دەبێتـەوە. لە گروپێکی تـر بەنـاوی گرووپـی (ئیماندارەکانـی نەقشـبەندی)ی دەبێتـە کەسـێکی چالاکـی نـاو ئـەو گرووپـە. مـەلا جاسـم دەبێتـە ناوێکی دیاری ئـەم گرووپانـە و دواییش پلەکەی دەبێتـە ئەمیر؛ بـۆ ماوەیـەک ڕەوانـەی ناوچـەی ڕومـادی دەکرێت، لـەم سنووورە دەیـان چالاکـی (تیـرۆر) سـاز دەکات. لەژێر ڕاسـپاردەی گـەورە ئەمیری گرووپەکەیان، ژنـی یـەک لـە هاوڕێکانـی خـۆی بەنـاوی (مەیاسـە توونسـی) لـە خـۆی مـارە دەکات، مەیاسـە ژنـی یـەک لـەو چەکدارە توونسییانەیە، کـە بـۆ جیهـاد هاتووەتـە سـووریا، بـەڵام لـە کردەیەکـی خۆکوژیـدا، لـە ڕێوڕەسـمی حوسـێنییەکی شـیعەکانی شـاری بەغـدا خـۆی تەقاندووەتـەوە. مەیاسـە خـاوەن ڕەگەزنامـەی



Scanned by TapScanner

فڕەنساییە، بەڵام بە گوتەی خۆی لە پێناو دینی خودا و بە هۆی ئیمان و ئیمانداربییەوە، نازونیعمەتی فڕەنسای جێ هێشتووە؛ لەبۆ دەعوە و جیهاد ڕووی دە سووریا کردووە، هەر لەبەر هاوسەریی یەکەمی بووە کە پاشناوی توونسی پێوە لکاوە.

جاسم و مەیاسە زۆر لە یەکتر ڕازی دەبن، جاسم کەیف و خولقێکی باش دەداتە مەیاسە. زۆر گرنگیی پێ دەدات، مەیاسە خۆی کەسێکی بالاپۆشە، بەڵام کە پێچەکەی هەڵ دەداتەوە جوانییەکی ڕادەبەدەری هەیە، زوانی فڕەنسیی جوان دەنووسێ و قسەی پێ دەکا. مەیاسە ئەو ماوەی هاوسەری جاسمە، جاسمی زۆر دەکەوێتە بەردڵ، چەند جارێ هانی دەدات پێکەوە بگەڕێنەوە فڕەنسا، بەڵام جاسم ڕازی نابێت، دەڵێت: سووریا و عێراق خاکی جیهاد و تێکۆشانە، بۆ بێدین و زۆردارەکان دەبێ بیکەینە دۆزەخ.

پێوەندیی جاسم و مەیاسە توونسی زۆر پەرە دەستێنێ، تەنانەت جاسم بەشێکی ژیانی خۆی بۆ باس دەکات و بە ڕاستگۆییانە پێی دەڵێت، کە گەنج بووە زۆر کەسێکی خراپ بووە. جاسم هەموو زانیارییەکی لەبارەی ئیشوکاری (فەلاح) هەیە، تا ژمارەی تەلۆفۆن و هەمووشتێکی هەن، چەند جارێک بەنامە هەڕەشە لە فەلاح دەکات و داوای لێ دەکات بەنهێنیی ئیش بۆ ئەو بکات. بە هەمان شێوە فەلاحیش هەڕەشە لە مەلا جاسم دەکات و پێی دەڵێ ئەگەر لە ناو گرووپە توندڕۆکان ببێتە چاوساغی ئەوان، ئەوا ئەوان هەموو شتێکی بۆ دەکەن، ئیتر پێوەندیی مەلا جاسم و نەقیب فەلاحی هاوڕێی، تەنیا هەڕەشەلێککردن دەبێت، چونکە هەریەکەیان لە بەرەیەکن. بەرەیەک هەر کەسە خۆی پێ ڕاستە.

ڕووداوەکانی عێراق خێرا تێ دەپەڕن، فەلاح دەگەڕێتەوە، موسڵ موسڵاوییەکان کە فەلاح دەبینن کوڕێکی شارەکەیان بووەتە داردەستی

حکوومەتێک، (کە ئەوان پێیان وایە ئێران پاڵپشتی دەکات) هەردەم پیلان بۆ فەلاح دادەنێن تا بیکوژن. چەند جارێک تەقەی لێ دەکرێت و چەند جارێکیش بۆمبی چێنراوی پێ دەتەقێتەوە، بەڵام قوورتار دەبێت. ڕابردووی فەلاح لای خەڵکی موسڵ زۆر بەڕوونی دیارە، دەزانن فەلاح لەسەر «نێربازی» پێشتر زیندانی کراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکان نابێت، ناتوانن هیچ شتێک بەرانبەر فەلاح بکەن. بێجگە لەوەی چەند جارێک بۆمبی چێنراوی بۆ دادەنێنەوە، لێ دەرباز دەبێت.

جاسم ماوەیەک لە هاوسەرەکەی دوور دەکەوێتەوە، بە هۆی ئەوەی بە نهێنی لەگەڵ گرووپێک لە چەکدارانی بەرنگاریی ئیسلامی، دەگەڕێنەوە ناو شاری موسڵ، چونکە جاسم کون بە کونی موسڵ شارەزایە، لە چەندان شوێن چالاکی دەنوێنێت. تەنانەت جارێک بەسووکی بریندار دەبێت و گرووپەکەی لە ناوچەی غابات جێی دەهێڵن، وەلێ

بە هۆی شارەزایی خۆی، خۆی دەدزێتەوە و دەگەڕێتەوە سووریا.

جموجووڵی گرووپە چەکدارەکان، لە موسڵ زۆر زیدە دەبێت، ناوچەکانی سناعە، سۆمەر، حەی بکر، یارمچە، دەبێتە شوێنی بەرچاوی چالاکی ئیسلامییەکان، حکومەتی عێراق تەڕوهیشک پێکەوە دەسووتێنی؛ هەموو موسڵاوییەکان، بە یەکچاو سەیر دەکات، دەم نادەمێک حاکمێکی سەربازی بۆ ئەو شارە دەستنیشان دەکات، بەڵام موسڵاوییەکان بە هۆی ئەوەی پێشتر زۆرینەیان کۆنە بەعسی بوون و لە سەردەمی ڕژێم پلەی سەربازییان هەبووە، بەوە ڕازی نابن شارەکەیان بە ئارەزووی حکوومەتی عێراق بەڕێوە بچێت. ماوەیەک لەناو شاری موسڵدا خێمە هەڵدەرێت، سەدان سەرۆک هۆز و دەیان چالاکوانی ئەو شارە دەکەونە خۆ و هەر لەوێ سەکۆیەک دروست دەکەن، بێجگە لە مەلا و سەرۆک هۆزەکان دەیان ڕۆشنبیری ئەم شارە بەئاشکرا داوای کشانەوەی سوپا





Scanned by TapScanner

لـە موسـڵدا دەکـەن؛ داوای ڕاگرتنـی گرتـن و تۆقاندنـی دانیشـتوانی شـاری موسـڵیان بـەرز کردووەتـەوە. هەمـوو ڕۆژانی هەینی، لەو شـوێنە خۆپیشـاندان دەکرێـت و حکوومەتـی عێراقیـش بێجگـە لـە گرتـن هیچـی تـری پـێ ناکرێت.

یـەک لـەو هەینییانـە، کـە نـاو دەنرێت جومعـەی کەرامـە، لـە نـاکاودا لـە نـاو قەرەباڵغـی جاسـم جەمەدانییـە سـوورەکەی لەسـەر دەموچـاوی لادەبـات و دەچێتـە سـەر سـەکۆیەک، یـەک بـە دەنگـی خـۆی داوای ڕووخانـی حکوومەتـی خێڵەکـی عێـراق دەکات. فەلاحـی بـرادەری لـە دیوێکـی تـری خۆپیشـاندانەکە خەڵـک دەگـرێ و بـە دار و شـەق و گوللـە خۆپیشـاندانەکە سـەرکوت دەکات!

جاسم لەو ڕۆژەوە ناوبانگی زۆر پەیدا دەکات، لای خەڵـک زۆر خۆشەویسـت دەبێـت، بەسـەر ملیـان بـەرزی دەکەنـەوە و چەنـد جارێ داوای لـێ دەکـەن دروشـمەکانی پاتـە بکاتـەوە. لـەو لایـش فـەلاح لـە جـاران زیاتـر نـاوی بـە خراپـە



Scanned by TapScanner

دێت، موسڵاوییەکان بەردی تێ دەگرن، تا بە پڕەپڕ خۆی بە هەمەرەکەی ڕزگار دەکات. ئیتر لەو ڕۆژەوە موسڵ چاوەڕوانی تەقینەوەی فرەوانی لێ دەکرێت.

پاش ئەم ڕووداوانە، دۆخی دەروونی جاسم لە موسڵ خراپ دەبێت، لە چەند بازارێکی شار وێنەی لە دیوار دەدرێت و دەڵێن هەر کەسێک زانیاری لەبارەی ئەو پیاوە بداتە دەزگا تەناهییەکان، ئەوا خەڵاتێکی باش وەردەگرێت. بەناچاری جاسم خۆی دەگەیەنێتە تەلەعفەر، دوایی لەوێش شوێنی ئاشکرا دەبێت و تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری دەبێت، چەند کەسێ لە چەکدارەکانی، خۆیان بەو هێزە دەتەقێننەوە، کە چواردەوری ئەو شوێنەیان گرتووە، بۆ شەو جاسم قوورتار دەبێت و ماوەیەک بێدەنگ دەبێت، بەڵام دواجار دەزانرێ گەڕاوەتەوە شام، ئیتر دەگەڕێتەوە، لای مەیاسەی هاوسەری.





Scanned by TapScanner

دایک و باوکی مەیاسە لە لایەن پۆلیسی فەڕەنسایی ئاشکرا دەکرێن و ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنی ئەم وەڵاتە، باس لە مەیاسە دەکەن و داوا دەکەن بەزووترین کات ئەو کچە ڕادەستی پۆلیسی فڕنسایی بکرێتەوە. پاش گفتوگۆ و لێکگەیشتن، مەیاسە و جاسم دەگەنە ئەم ئەنجامە، کە دەبێ لە ڕێگەی سەفارەتی فڕەنساییەوە لە شامدا، ئەو ژنە بگەڕێتەوە وەڵاتی فڕەنسا؛ دواجار مەیاسە هەر وەها دەکات، ماوەیەک لای پۆلیسی ئەم وەڵاتە دەخرێتە زیندان و پێی ڕادەگەیەنرێ، کە پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی فڕەنسا بپچڕێنێ، دەنا دووپاتە دەستگیر دەکرێتەوە. ئیتر لەو ڕۆژە پێوەندیی مەیاسە و جاسم بە تەواوی دەپچڕێت و هیچ ئاگایان لێک نامێنێت.

یووسڕا دوا ڕستەی بۆم درکاند و بە فڕەنسایی ماڵاوایی لێم کرد، چونکی پێشتر ماوەی دانیشتنەکەمانی دەستنیشان کردبوو. گوتی:

- جاسمیش لـه گەڕانـەوەی ژنەکـەی بێ هیـوا دەبێـت، بـەڵام ئەمجـارە دیسـان هاوسـەرگیری لەگـەڵ ژنێکـی تـردا دەکات، ئوغوڤـواغ!



Scanned by TapScanner

# (٥)

یووسرای عێراقی، خۆی و خانەوادەکەی چەند ساڵێکە ئاوارەی سووریان. یووسرا پێشتر هاوسەرگیری کردبوو، بەڵام جیابووبووەوە، جاسمی زۆر بەدڵ دەبێ، پاش پرۆسەی هاوسەرگیری جاسم و یووسرا، لە کەمپی یەرمووک لە وەڵاتی شامدا، کە کەمپێکی تایبەتە بە ئاوارە فەڵەستینییەکان، ئەوانەی پاش ساڵی ١٩٦٠ بەشێکان لەو کەمپە نیشتەجی کرابوون، خانووەک بە کرێ دەگرن، ماوەکی زۆر لەو خانووەدا دەژین. جاسم زۆر پێی خۆشە منداڵێکی لە یووسرا هەبێت، بەڵام یووسرا دەڵێت: تۆ دایم ژیانت لە مەترسییە، باشترە ئەو پرۆسەیە بۆ ماوەیەک دوابخەیت.



Scanned by TapScanner

ئـەو دەمەیش ناوەنـاوە جاسـم هەواڵـی فەلاحـی هاوڕێـی پـێ دەگات، وەک جـاران هــەردوولا داوا دەکـەن خـۆ ڕادەسـت بکـەن، بەڵێنـی باشـتر بوونـی ژیانـی یەکدیـش دەدەن، بـەڵام هیچیـان بـە قسـەی ئـەوی تـر نـاکا و هەرکەسـە خـۆی پـێ ڕاسـتە.

جاسـم دەزانـێ هاوڕێیەکـەی ڕابردووەکی خراپی هەیە، زۆریش ئاگەداری ڕەوشـی شـاری موسـڵە. چەنـد جارێـک لـە ڕێگـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـە نـاوی خـوازراو داوا لـە فـەلاح دەکات واز لـەو کارە خراپانـە بێنـێ، کـە بەرانبـەر بـە دانیشـتوانی شـارەکەی دەکات، بەڵام بێسـوودە.

لـە پێنجـی جـوڵای سـاڵی ٢٠١٤دا، پارێـزگاری شـاری موسـڵ (ئەسـیل نوجێفـی) ڕای دەگەیەنـێ، کـە وا هێـزە چەکدارەکان هیـچ جموجووڵێکیـان لەناو شاری موسڵدا نییە، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر، کـە دەکاتــە شەشـی مانـگ چەنـد مەفرەزیەکـی دەوڵەتـی ئیسـلامیی لـە توخمـی موسـڵ نێزیـک دەبنـەوە. سـەرەتا چەنـد چەکدارێکی ئەو گرووپە



Scanned by TapScanner

دەچنە ناو گەڕەکەکانی تەنەک، جەزائیر، زەهرا، عەرەبی و تەحریر، لە چەند لایەکی شاری موسڵ شەڕ دەست پێ دەکات، ئەو دەمەیش جاسم لەگەڵ چەند چەکدارێک ڕووبەڕووی هێزێکی شوڕتەی میللی دەبنەوە، بەتایبەت پەنجا چەکدارێکی فەوجی حەوتی پۆلیس، کە تا پێیان دەکرێ بەرگری دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەوەی هیچ هاوکارییەکیان پێ ناگات، ئەوەی ڕا دەکات باشە، ئەوی تر دەکوژرێت. ئەو ڕۆژە جاسم وەک ئەمیرێکی ئەم گرووپە بە دەر دەکەوێت و فەلاحیش دیسان خۆی بزر دەکات، دواجار دەزانرێ فەلاح (جلک و چەک) ی خۆی فڕێ داوە و ڕای کردووە. تا ١٠ی مانگ لە چەند لایەکی شاری موسڵ بەرگری بەردەوام دەبێت و دواجار بە هەزاران ئەندامی پۆلیس و سوپای عێراقی چەکەکانیان فڕێ دەدەن، غار دەدەن. دواتریش لە ١٠ی مانگ بە تەواوی شاری موسڵ دەکەوێتە دەست گرووپی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش.



Scanned by TapScanner

ڕۆژی یەکـەم و دووەم دەوڵەتـی ئیسـلامیی تەنیـا چەنـد چەکدارێکـی دەبـێ و پێشـوازیەکی زۆریـان لـە لایـەن هاووەڵاتییانـی موسـڵ لـێ دەکرێـت، جگـە لەوانـەی ڕۆژی یەکـەم و دووەمـی بەرنگاربوونـەوەکان بـەرەو هەولێـر و دهـۆک ڕایان کـرد. ئیتـر ڕۆژ بـە ڕۆژ، ژمـارەی چەکـدارەکان ڕووی لـە زێدەبوونـە، بەشـێکی زۆری گەنجانـی شـاری موسـڵ و گوندەکانـی دەوروبـەری بەگـەر ئـەم گرووپـە دەکـەون، دەسـت بەسـەر هـەزاران چـەک و تەقەمەنـی و ئۆتۆمبێلـی جۆراوجۆردا دەگرن، لە شـەقامەکانی موسـڵدا هێزی خۆیـان نمایبش دەکـەن، لـە پاش ١٠ی مانگـی جـولای موسـڵ یاسـایەکی تـری لـێ پەیـڕەو دەکرێـت، دەوڵەتێکـی ئیسـلامیی هاوتەریبـی شـاری ڕەقـە ناوبانـگ دەر دەکات.

موسـڵ دەبێتـە دەوڵەتێکـی جـودا لـە عێـراق، هەمـوو یاسـا مەدەنییـەکان ڕەت دەکرێتـەوە، کتێبخانـەی شـار، کـە هـەزاران کتێبـی بەنرخـی تێـدا بـوو، دەسـوتێنرێت. جگەرەکێشـان قەدەغـە

دەکرێت، دوکانەکانی مەیفرۆشتن هەر هەموو دەسوتێنرێت و لەسەر ژنان دەسەپێنرێ پەچەوعەبا لەبەر بکەن، موسڵ بەسەر چەند بەشێک دابەش دەکرێت و لە هەر بەشێک ئەمیرێک دەست نیشان دەکرێت، جاسم سەرەتا ئەمیری گەڕەکی بەکر و ئیسلاح و کەڕامەیە.

لە گەڕەکی بەکر نزیک کڵێسای قیامە، جاسم چەند مەرج و چەند ڕۆژێ لە بەردەم مەسیحییەکانی ئەم شارە دادەنێت، تا شارەکە جێ بهێڵن، یان جزیە بدەن، یانیش دەبێ ببنە موسڵمان. جاسم ئەو دەمە دەبێتە کەسایەتییەکی تر، کەسایەتییەک، دەیان چەکداری ئەم گرووپە پاسەوانییان دەکرد.

ڕیشێکی درێژی ماشوبرنجی، کڵاوێکی شیشانی لە سەری، شمشێرەکی تیژ بە لایەکی نێکی شۆڕبووبووەوە. بێجگە لە ئێم فۆڕێکی ئەمەریکی و چەند مەخزەنێ، بۆمبێکی تەوقیت کراوی لە نێکی وەک پشتێن بەستبوو،

وایــەری کۆنترۆڵەکەیشــی بــە ســینگی بــەرز کردبــووەوە تــا بــن گەردەنــی.

جاســم بــە هــۆی ئــەو دەســەڵاتەی هەیبــوو، ڕۆژگاری ســەرەتای دەستبەســەرداگرتنی شاری موســڵ، لێکۆڵینــەوەی لەگــەڵ زۆرینــەی ئــەو ئەفســەرانەی ســوپا کرد، کە بە دیل گیرابوون، یانیــش خۆیــان ڕادەســتی هێزەکانــی دەوڵەتــی ئیســلامی کردبــوو بــۆ تەوبەکــردن. ئەفســەرە بەدیلگیــراوەکان ســۆراغی فەلاحــی دەکــرد، نەیاندەزانی چارەنووسی فەلاح چی بووە، هەر لە گەڕەکی بەکر، کە زۆرینەی دانیشتوانەکانی مەســیحین، جاســم بــارەگای خــۆی دەباتــە یــەک لــەو ڤێلــلا بەرچاوانــەی ئــەو گەڕەکــە، ماڵەکــەی تەنیشــتی، کــە ماڵــی کەســێکە بــە نــاوی (عامــر) پێشــتر ئەفســەری بەعس بووە، دەکاتــە خانووی پاســەوانەکانی...

جاســم کەســێکی خۆشەویســتیی ئــەو شــارە بــوو، لــە ڕیــزی پێشــەوەی هەمــوو نوێژێــک، نوێــژ دەکات. زۆر جاریش بۆ شــەڕی هێزەکانی





Scanned by TapScanner

پێشمەرگە دەیبەنە سەنگەرەکانی داعش، بەڵام بە هۆی ئەوەی زیاتر شارەزایی ناوەندیی شارە، ماوەکی زۆر دەیکەنە بەرپرسی حوسبە، کە هێزێکی ئەمنی داعشە و بە پۆلیسی داعش دەناسرێن. جاسم لەو هێزە ئەرکی ڕێکخستنی ناوەندیی شاری لە ئەستۆیە، بە هۆی ئەم ئەرکەوە ماوەک لە موسڵ دەمێنێتەوە، دوو جار بۆ پشوودان دەگەڕێتەوە شام، لەسەر داوای ژنەکەی «یووسرا» دەهێنێتە موسڵ هەر لە گەڕەکی بەکر لەو ڤێلایە دایدەنێت. بێجگە لەوەیش بە هۆی ئەوەی پلەی لە ناو داعش زۆر بەرز دەبێت، چەند پاسەوانێک بۆ ماڵەکەی خۆی دادەنێت.

جاسم زۆر متمانەی بە چواردەورەکەی خۆی نەکرد، هەموو پاسەوانەکانی لە دەرەوەی شاری موسڵ بوون، هێندێک لەوان چەند کەسێکی بیانی بوون. لە شاری موسڵدا، هیچ شتیک بێ پرسوڕای جاسم نەدەکرا، تانەت ئەو چوار گەنجەی لە پردی چوار لە دار دران،

بە ئەمری جاسم بوو؛ چونکە جاسم گوتی ئەوانە چاو ساغیان بۆ هێزە تەناهییەکانی بەغدا کردووە، لە ڕێگەی مۆبایلەوە زانیارییان داواتە ئەو هێزانە، بۆیە لەبۆ ماوەی دوو ڕۆژ تەرمەکانیان لای پردی چوار بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. کەس نەیدەوێرا بیانهێنێتە خوارەوە، تا دواجار خۆیان هێنایانە خوارێ بە سووکایەتییەوە تەرمەکانیان لە شوێنێکی نادیار خۆڵ بەسەر داکرد.

ماڵەکەی جاسم لە گەڕەکی (بەکر) چەند جارێک لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانەوە بۆردومان کرا. چەند پاسەوانێکیشی لەو خانووانە کوژران، بەڵام جاسم خۆی قووتار دەبوو، هەموو جارێکیش پاش هەر بۆردومانێکی فڕۆکە جەنگییەکان، جاسم چەند گەنجێکی ئەو گەڕەکەی گوللە باران دەکرد، بە گوتەی خۆی کەسانێکی گوللە باران کردووە، کە چاو ساغیان بۆ حکوومەتی سەفەوی و ئەمەریکییەکان کردوون.

جاسم زۆر عەودالّی زانینی دواهەواڵی فەلاحی هاورێی بوو، بەڵام کاتێک لە گرتە ڤیدیۆیەکان جاسم بەدەر دەکەوێت، کە سەری سەربازێکی عێراقی دیل لە بەردەم کۆمەڵێک خەڵک لێ دەکاتەوە، فەلاح لە جێگەی خۆیدا، لە شاری بەغداددا هەست بە شڵەژانی دەروونی دەکات، لە بڵاوکراوەیەکی فەیسبووکدا دەنووسێ، موسڵاوییەکان ئەو جەلادە «مەلا جاسم» نە لە منداڵی نە لە کاتی گەنجێتی وەها نەبوو، ئەو تەنیا مەرەقی ژن و ڕابواردن و عارەقخواردنەوە بوو، نازانم کێ جاسمی فێرە سەر بڕین کرد.

ئەو دەمەی موسڵ کەوتە دەست دەوڵەتی ئیسلامی، فەلاح بێ بەرگریکردن، ڕای کرد، بەڵام پلە سەربازییەکەی هەر دەمێنێ و لە جاران زیاتر گەورتریش دەکرێت. ماوەیەک فەلاح بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەم گرووپە لە شاری ڕومادیدا لە ئەرکدا دەبێت. پێش کەوتنی ڕومادی دیسان فەلاح غار دەدات و



Scanned by TapScanner

لـە مردنێکـی سـەت لـە سـەت قووتـار دەبێـت.

ئـەو دەمـەی داعـش لـە چەنـد لایەکـی موسـڵ شـەڕی مانـەوە دەکات، جاسـم لـە موسـڵ ئەرکـی زۆر قورسـە خـۆی و گرووپەکـەی وەک جـاران لای خەڵـک خۆشەویسـت نابـن، چونکـە چەنـد ڕێسـا و یاسـایەک بەسـەر خەڵکـی ئـەم شـارەدا دەسـەپێنرێن، وا دەکات، خەڵـک هەمـوو ئازادییەکـی کۆتوبەند بکرێن. بۆیـە وەک جاران لای خەڵـک بـە چـاوی ئایـنداری و کارکـردن بـۆ ئیسـلام سـەیر ناکرێـن، جاسـم ئـەو دەمانـە هەسـت بـە ئـازار و ڕقـی خەڵکـی ئـەم شـارە بەرانبەریـان، دەکات. پاش ئەوەی لە چەند لایەک گەمـارۆ دەدرێـن و خەڵـک تـەواو بـێ هومێـد و برسـی دەبـن. بـۆ ئـەوەی لـە چـاوی خەڵـک دوور بکەوێتـەوە، دووپاتـە دەگەڕێتـەوە موسـڵی کـۆن، دەگەڕێتـەوە هەمـان خانـووی خـۆی، یووسـڕاش لەگـەڵ خـۆی دەباتـە نـاو ئـەم خانـووە، کە پێشـتر فرۆشـتبووی، بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی خاوەنـی کۆنـە خانووەکەیـان پیاوێکـی دەسـت ڕۆیشـتووی





Scanned by TapScanner

حکوومەتی خۆجێتی موسڵ دەبێت، لە ترسی کوشتن، ئەو شارە جێ دێڵێ. ئیتر جاسمیش بە دەستخەتێکی گەورە بە بۆیاغێکی ڕەش لە بەردەم دەرگەی خانووەکەدا دەنووسێ «ئەوە موڵکی دەوڵەتی ئیسلامییە.»

جاسم لە جەڵدەلێدان و سزادانی گەنجانی موسڵ درێخی ناکات، تا پێشی بکرێ هەوڵی چەکدارکردنی گەنجان دەدات، هانیان دەدات دژی سوپای عێراقی و پێشمەرگە بجەنگن. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتی داعش لە عێراق کەم دەبێتەوە، ڕەوشی موسڵ زۆر جاران خراتر دەبێ، وەزعی ئابووری خەڵک لەوپەڕی خراپیدا بوو، کەلوپەل و شتومەک زۆر گران بووبوون. سەرتاشخانەکان هەر هەمووی داخرا بوون، جگەرە قەدەغە بوو، چەندان کەس لەسەر جگەرەکێشان دارکاری دەکران. چەندان کەسیش بە تۆمەتی هاوکاریکردن و پێدانی زانیاری بۆ هێزەکانی عێراقی لە سێدارە دران و هەندێکیش لەسەر بالاخانەی



Scanned by TapScanner

شـارەوانی دەسـتە ڕاسـتی موسـڵ فڕێدرانـە خـوارەوە، چونکـە بـە گوتـەی داعـش مۆبایلیـان بـە کار هێنـاوە و زانیارییـان دایتـە هێـزە تەناهییـەکان. نزیکـەی سـێ سـاڵی دەسـەڵاتی داعش لـە موسڵدا، مـەلا جاسـم هەرچـی خراپـە هەبـوو، کـردی. ئـەو هـەردەم دەیگـۆت ئـەوەی ئێمـە دەیکەیـن شـەرع و ئاین ڕێگـەی پـێ داوە. کوشـتن و جەڵدەلێدان و تەوبەکردن بە خەڵک، قەدەغەکردنـی جلوبەرگـی جۆراوجـۆر و دەیـان شـتی تـر وای کردبـوو، بەشـێک لـە موسـڵمانانی موسـڵ، بـە چـاوی گومانـەوە سـەیری ئـەو گرووپـە بکـەن و بپرسـن ئایـا ئـەوەی جاسـم و گرووپەکـەی دەیکـەن، کاری موسـڵمانانە؟

لـە ١٧ی مانگـی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ٢٠١٦دا، سـەروەزیرانی عێـراق لـە کۆنگەرەیـەک بڕیـاری دەسـت پێکردنـی پرۆسـەی ڕزگاری موسـڵی ڕاگەیانـد. شـەڕ لەگـەڵ داعـش وەهـا سـانا نەبـوو ئـەوان بـە ئیمانـەوە شـەڕیان دەکـرد، ئـەوان دەمـردن تـا بیروڕایـان بـگات، ئـەوەی





Scanned by TapScanner

هیچ نەبوو لایان مردن بوو، کێبڕکێیان لەسەر (خۆتەقاندنـەوە) دەکرد!

جاسم باش دەیزانی لە ناو ڕێکخستنەکانی (دەوڵەتی ئیسلامی) دوو جۆرە بیروباوەڕ هەن، زۆرینە کەسانێکن تا دوا فیشەک دەجەنگن و بە ئیمانەوە خەبات دەکەن، کەسانێکی تریش هەن بازرگانی بە ئاینەوە دەکەن. جاسم، کە دڵی خۆی بۆ یووسڕای هاوسەری کردبووەوە، ترسی دڵی خۆی لە گرووپەکەی نەشاردبووەوە، کە لە ماوەی ڕابردوو چەندان چەکداری (دەوڵەتی ئیسلامی) بە پلەی بەرز لە سەنگەرەکانی شەڕ ڕایان کردووە و هێندێ لەوان پارەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە خۆیان شاردووەتەوە.

شەڕی موسڵ دەستی پێ کرد، (دەوڵەتی ئیسلامی) یاساکانی توندتر کرد، وەک جاران شەقام و شۆستەکانی موسڵ ڕۆناک و قەرەباڵغ نەبوون، جموجووڵی سەربازیی چەکدارانی (دەوڵەتی ئیسلامی) سنووردار کران،



Scanned by TapScanner

بەشێکی زۆری بازاڕ و گەڕەکەکانی موسڵ بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو تەنران، بە مەبەستی تەقاندنەوە. شەڕ دەستی پێ کرد، چەکدارانی (دەوڵەتی ئیسلامی) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان کەم دەبووەوە، فڕۆکە جەنگییەکان زەبری باشیان لە مۆڵگەی چەکداران دەدا، کە زۆرینەی مۆڵگەکان لەناو خانووی خەڵکی مەدەنی دانرابوون، زۆری لێ کوشتن، ئەو دەمە یووسڕا تازە منداڵێکی لە دایکبووبوو ناویان نابوو «ئوسامە».

جاسم کوڕەکەی زۆر خۆش دەویست، هەموو کات داوای لە یووسرا دەکرد، زۆر ئاگەداری منداڵەکەیان بێ، تەنانەت جارێک پاش گەڕانەوەی لە شەڕێکدا، نا بەرانبەر وەسیەتی کرد و تکای لە یووسڕا کرد، هەرچی زووە موسڵ جێ بێڵێ، تەنانەت بڕێک پارەیشی خستبووە بەر دەستی، تا بە ڕێگەی تەلەعفەر خۆی بگەیەنێتەوە سووریا، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەگەرچی ژمارەیشیان کەم

بوو، بەڵام چەند چەکدارێ شەڕی یەک لیوای سەربازییان دەکرد، تەکنیکی جیا جیایان بە کار دەهێنا، ئەوەی لایان گرنگ نەبوو، مردن بوو. بە پێکەنینەوە خۆیان دەتەقاندەوە، بە پێوە شەڕیان دەکرد. جاسم وەک جاران ورەی زۆر بەرز نەبوو، زۆر هەوڵی لەگەڵ یووسرای هاوسەری دا، تا خۆی و ئوسامەی کوڕی بگەڕێنەوە شام؛ بەڵام بێسوود بوو، ئیتر جاسم ڕۆژەک لەناو شار بوو، ڕۆژەکی تر لە سەنگەرەکان بوو.

هێزە عێراقییەکان لە چەند لایەک هێرشیان برد، لە قۆڵی حەمام عەلی، نەجم جبوری گەیشتە توخمی چوارڕیانی سقور، لەو لایە سوپا گەیشتە گۆبجەلی و کرامە و ناوچەی پیشەسازی. دەوڵەتی ئیسلامی بۆ ئەوەی هێزەکەی لە ناوچەیەک بەرگری بکات، زۆرینەی هێزەکانیان بردە بەری دەستی ڕاستی ئەو شارە، بۆ ئەوەی دەستەڕاست لە دەستەچەپ جیا بکرێنەوە، پردەکانیان تەقاندەوە.



Scanned by TapScanner

تەقاندنـەوەی پـردەکان، یـەک لـە دوای یـەک دەسـتی پـێ کـرد، پـردی کـۆن، پـردی چـوار، پردی ناوەراسـت، هەمـوو ئـەو پردانـە مێـژووی ئـەم شـارەن، هـەر هێـزە عێراقییـەکان نزیکـی بـەری دەسـتە ڕاسـت دەبوونـەوە، پردێـک دەتەقێنرایـەوە.

پـردەکان یـەک لـە دوای یـەک هەمـوو تەقاندرانـەوە، دەوڵەتـی ئیسـلامی تەنیا لـە بـەری دەستەڕاسـت مـاوە، بەشـێک لـە چەکداران، لـە موسـڵی کـۆن خۆیـان بـە دیجلـەدا دا، بەشـێکی تریش گەڕانـەوە دواوە و لـە کۆڵانـە تەسـکەکانی موسـڵی کۆنـدا، سـەتان بۆسـەیان دانـاوە، سـەتان بۆمبیـان ئامـادە کـرد. سـەیرە جاسـم و برادەرکانـی وورەی شـەڕکردنیان لـە جـاران زیاتـرە. بەرگریـی دەکـەن، ئـەوان هێزێکـی کـەم ماونەتـەوە بـەڵام لەشـکرێکی گـەورە لـە زەوی و لـە ئاسـمان لێیـان دەدا، کەچـی هـەر بەرگـری دەکـەن.



Scanned by TapScanner

بالاخانــه لــەدوو بالاخانــه ویــران دەبــێ، ســوپای عێراقــی گــورزی جەرگبــڕ دەهاوێــن، چەکدارانــی دەوڵەتــی ئیســلامییش بەرانبــەر هــەر پێشــکەوتنێکیان خۆیــان دەتەقێنــەوە، یــەک لــە ئــەوان ســەتان ســەرباز دەکاتــە ئامانــج بــە پێکەنینــەوە شــەڕ دەکــەن، بــە پێــوە بەرگــری دەکــەن و دەکوژرێــن.

جاســم و هاوڕێکانــی ژمارەیــان زۆر کــەم دەبێتــەوە، زۆرینەیــان مــاڵ و منداڵیــان لەگەڵــە، ئازوقەیــان نامێنێــت، ســەرەڕای ئــەو گەمــارۆ توندەی هێــزە عێراقییــەکان، بــەڵام لــە جــاران زیاتــر ورەبەرزتــر دەبــن.

لــە لایەکی تــر، نزیــک پــردی کۆن چەکدارەکانــی (دەوڵەتــی ئیســلامی) هــەر ســەریان دەربێنــن، دەکەونــە نــاو ڕەســەدی قەنــاس بــە دەســتەکانی هێــزە عێراقییــەکان.



Scanned by TapScanner

موسڵی کۆن تەواو وێران دەبێ، وەک ئەو وێرانییەی، کە داعش بەسەر مۆزەخانەی موسڵی هێنا، وەک بەسەر کتێبخانەی گشتیی موسڵی هێنا. کەس نازانێ کێ موسڵی وێران کرد، چونکە بۆ کوشتنی چەکدارێک زۆر ئاسایی بوو گەڕەکێک وێران بکرێ، بۆ کوشتنی چەکدارێک زۆر ئاسایی بوو دە باڵاخانە تەخت بکرێن، دە شەقام بۆردومان بکرێن.

چەکدارانی داعش زۆرینەیان خۆیان بە دیجلەدا دا، هێندێک کەوتنە بن باڵاخانەکان، تا ئێستە مەلا جاسم ماوە و بەرگری دەکات، ئەو دەستی لە خۆ شووشتییە، دەزانێ قووتار نابێت، بەڵام هەوڵی ڕزگارکردنی یووسرا و ئوسامەی کوڕیان دەدات. لە گەرمەی شەڕی گەڕەکی فارۆق و سەرجخانە مەلا جاسم قاچێکی قووت دەبێت، لە چارەسەروەرگرتن زۆر نامینێتەوە، هەڵدەستێتەوە سەر پێ، زۆر لە یووسرا دەکات، خۆی تێکەڵی خەڵکی سڤیل بکات، تا هەر هیچ نەبێت خۆی و ئوسامەی کوڕی قوورتار ببن.





Scanned by TapScanner

هێـزە عێراقییـەکان کـەس ناهێڵـن، ئـەوەی لـەو بـەر سـەر دەربێنـێ، دەیکـوژن. لـە ئاسـمانیش فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە بۆردومان بەردەوام دەبن، بۆمبی قەدەغەکراوی فسفۆڕی و دەیان چەک لە شەڕی موسڵ بەسەر خەڵکی مەدەنی و سڤیل تاقی دەکرێنەوە.

لـە فـارۆق نزیـک چوارڕێیانـی نەخۆشـخانە زۆرتریـن خەڵکـی سـڤیل دەکوژرێـن، منداڵێک دوو ڕۆژ بـە زیندوویـی لـە باوەشـی یەکێک لـە مـردووەکان دەمێنێتـەوە. دواییـش هێزێکـی کۆمانـدۆی ئەمەریکـی قوورتـاری دەکـەن، دەیکەنـە منداڵـی خۆیـان و دەیبەنـە ئەمەریـکا.

دەوڵەتـی ئیسـلامی، تووشـی شـڵەژانێکی زۆر خـراپ دەبێـت، داوا لـە خەڵکـی سـڤیل دەکات، شـارەکە جـێ نەهێڵـن، بـەڵام بـە هـۆی سـەختی شـەڕ و تـرس هاووەڵاتییانـی سـڤیل ڕاناوەسـتن، لـە ناوچـەی ڕائس جادە و ناوچـەی مەشـاهدەی دەسـتەڕاسـتی موسـڵ، بـە بڕیـاری دادگـەی شـەرعی دەوڵەتی ئیسـلامیی پەنجا کەسـی سـڤیل



Scanned by TapScanner

لە ژن و پیاوی بەساڵاچوو لە لایەن چەکدارنی دەوڵەتی ئیسلامیی گوللە باران دەکرێن، ئەو ڕۆژە جاسم چەند جارێ هەوڵ دەدات لەگەڵ کەسانی باڵاتر لە خۆی، کەسانی بێتاوان جیا بکەنەوە، بەڵام پێشنیازەکەی بێسوود دەبێت و کەس گێی لێ ناگرێت. هێزەکانیان کۆنترۆڵ لە دەست دەدەن. لە گەڕەکی موسڵی نوێدا، پشت نەخۆشخانەی ڕەحمە، فڕۆکە جەنگییەکان ماڵێک بۆردومان دەکەن زیاتر لە بیست هاووەڵاتی بێتاوان، کە زۆرینەیان ژن ومنداڵن دەبنە قوربانی. لە هەموو لایەکی موسڵ شەڕ بەردەوام دەبێت و هەموو جۆرە چەکێکی لێ بە کار دێت، زەوی و ئاسمان یەک پارچە ئاگری لێ هەڵدەقوڵێ و دەبارێت. بە هەموو شێوەیەک چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی ئەوانەی ماونەتەوە بۆردومان دەکرێن.

گەڕەکی مەئموون نزیک پردی کۆن، دوا گەڕەکە بەرگریی لێ بکرێت، ژمارەی چەکدارانی ئیسلامی، نێزیکەی پەنجا کەسێک دەمێننەوە.





Scanned by TapScanner

هێندێکیان خۆیان لەگەڵ هاووەڵاتییانی سڤیل دەرباز دەکەن، هێندێکیش لە کاتی کشانەوە دەکوژرێن، بەڵام تا پێیان بکرێ شەڕ دەکەن.

جاسم تەواو مات دەبێت، پاش ئەوەی فرۆکەیەکی جەنگی بەشێک لە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی، کە لە چەند ئەمیرێک و کەسانی باڵادەست پێک دێن، لە دەروازەی سەربازگەی غزلانی بۆ شوێنکی نادیار دەگوازێتەوە، ئەو ڕووداوە کۆمەڵێ گومان لای جاسم دروست دەکات، کە بۆچی تەنیا چەند کەسێک قوورتار کران و چەند کەسێکیش مانەوە تا بکوژرێن، ئەوە چ گەمەیەکە؟ چ ئیمانێکە؟

جاسم لەو گەمە نێودەوڵەتییە دەگات و دەزانێ کارتی دەوڵەتی ئیسلامییش ئەوکات تەنیا فشاری چەند وڵاتێکی هەرێمییە، بۆیە تەواو بێئومێد دەبێ. ئیتر بیرۆکەی خۆقوورتارکردن و خۆبەدەستەوەدانی لە کن گەڵاڵە دەبێت. ئەو دەمەیش بیر لە فەلاحی هاوڕێی دەکاتەوە،



Scanned by TapScanner

بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی تـەواوی پێوەندییـەکان لـە شـاری موسـڵ پچـراوە، ناتوانـێ هیـچ بکات و هیوابـڕاو دەبێـت.

جاسـم بیرۆکـەی خۆبەدەسـتەوەدان و خۆتێکەڵکردنـی کەسـانی سـڤیل لەگـەڵ یووسـڕا بـاس دەکات و پێکـەوە پـلان دادەڕێژن. هیزەکانی سـوپای عێراقـی دوا مۆڵـەت بـە چەکدارەکان دەدەن، لـە زەوی بـە مایکرۆیفۆن تکا و هاواریان لـێ دەکـەن، کـە ژیانیـان پارێـزراو دەبێت، ئەگـەر شـەڕ نەکـەن و خۆیـان بـە دەسـتەوە بـدەن. لـە ئاسـمانیش لـە پـاڵ بردومانکردنـی ئـەو چەنـد شـوێنە سـەختەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسـلامیی تێـدا بەرگـری دەکـەن، فڕۆکـە جەنگییـەکان بانگـەواز بـڵاو دەکەنـەوە، لـە ئاسـمان کاغـز فـڕێ دەدەن، کـە ئەوانـەی مـاون دەتوانـن خۆیـان ڕادەسـت بکـەن و ژیانیـان پارێـزراوە.

جاسـم لەگـەڵ یووسـڕا ڕێـک دەکەوێـت، لـە دەرفەتێـک بـە تەواوەتـی لـە چەکدارەکان خـۆی جیـا دەکاتـەوە، بـە خێراییـش ڕیشـی خـۆی

کورت دەکاتەوە و جلێکی ئاسایی کۆن و دڕای لەبەر دەکات، بە یووسڕا دەڵێت ڕۆژی هەینی باشترین کاتە بۆ ئەوەی خۆمان ڕادەست بکەین. لە کۆڵانێکی تەسکی مەئموون، خۆی و یووسڕا لەگەڵ کوڕەکەیان بەشپرزەیی خۆیان تێکەڵی خەڵکی سقیل دەکەن، کە بەشێک لەوان چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی و خانەوادەکانیانن، بەڵام ئەوانیش ڕوخاون و لە بارودۆخێکی یەکجار خراپدان.

بە هۆی ئەوەی جاسم تاقە قاچێکی لەدەست داوە و برینەکەیشی زۆر لەمێژ نییە، دەڵێ من کەمەندامم دوور نییە ئەو هێزانە متمانەم پێ بکەن، بۆ خۆدەربازکردن ئاڵایەکی سپی بەرز دەکاتەوە و هێواش هێواش پێش خەڵکە سقیلەکە دەکەوێت، بە یووسڕا دەڵێت ئاگەداری ئوسامە بێت، تا ڕێگەیەکیان بۆ بکاتەوە، چەند هەنگاوێک دەچێتە پێش و لە خەڵکەکە تۆزێک دوور دەکەوێتەوە، لە ناکاو بۆمبێکی چێنراوی دەوڵەتی ئیسلامیی پێ دەتەقێتەوە و لە بەر



Scanned by TapScanner

چـاوی یووسـڕای هاوسـەری هەنجـن هەنجـن دەبێـت.

جاسـم بـووە ڕابـردوو، یووسـڕایش بـۆ ئـەوەی خـۆی و کوڕەکـەی لـەو جەهەننەمـە قوورتـار ببـن، لەگـەڵ چەنـد ژن، منـداڵ و پیـاوی بەسـالاچوو خـۆی ڕادەسـتی هێـزە تەناهییـەکان دەکات. پـاش کۆڵینەوەیەکـی سـەرەتایی، بـۆ کەمپێکـی ئـاوارەکان دەگوازرێنـەوە، کەمپێـک هیـچ خۆشـگوزەرانییەکی تێـدا نییـە، سـەرەتا ژن و منداڵـەکان لـە پیـاوەکان جیـا دەکرێنـەوە، هێندێک لەوان زوو ئازاد دەکرێن، بەڵام یووسـڕا دەمێنێتـەوە؛ دواجـار لەگـەڵ چەنـد ژن و منداڵێکی تـر تێکـەڵ دەکرێـن، بـە هـۆی ئـەوەی ئـەوان هیـچ پیاوێکیـان لەگـەڵ نییـە، مامەڵەیـان لەگەڵیـان زۆر تونـد دەبێـت.

یووسـڕا هەمـوو هەوڵێکـی مانـەوەی خـۆی و منداڵەکـەی دەدات، منداڵێـک، کـە فامـی ئـەوە نـاکات باوکـی، کـە بـە ئـاگا هـات، چـاوی لـەوە بـوو منداڵەکـەی گـەورە بـکات، بـەڵام پـاش چ؟





Scanned by TapScanner

شـەڕی موسـڵ کۆتایـی هـات. بەشـێکی شـارەکە تـەواو وێـران کـراوە، فـەلاح دیسـان دەگەڕێتـەوە موسـڵ، دەگەڕێتـەوە ماڵـە کۆنەکـەی جاسـم، بـەڵام ماڵێکـی وێـران. زۆر سـۆراغی جاسـم دەکات، هیـچ هەواڵێکـی تـازەی نابێـت تـا لـە دۆزینـەوەی دەسـت هەڵدەگرێـت.

یووسـڕایش لـە کەمپەکـەدا، وەک دەستبەسـەرێک مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت و بـە هـۆی نەبوونـی هیـچ ئامرازێکـی پێوەنـدی ناگاتـە کەسـوکاری. پاش شـەش مانگ مانـەوە لـە کەمپـی گەیارە، بۆ ئاوارەکانی موسـڵ، یووسـڕا پێوەندی سـۆزداری لەگـەڵ یـەک لـە کارمەندانـی ڕێکخراوێکـی خێرخـوازی دادەنێـت، هەمـوو شـتێک دەکات، بـۆ ئـەوەی کارمەندەکـە ڕێگەیـەک بدۆزێتـەوە لـە کەمپەکـە قوورتـاری بـکات. یووسـڕا لەگـەڵ ناسـینی ئـەو کـوڕە چالاکـە مرۆیيـە، بارودۆخـی لـە جـاران باشـتر دەبێـت؛ بـەڵام قـەت چیرۆکـی خـۆی و جاسـمی بـۆ بـاس نـاکات، تەنانـەت بـە هـۆی پـێ نەبوونـی ناسـنامە نـاوی خـۆی و



Scanned by TapScanner

کوڕەکەی دەگۆڕێت و لای دەزگا تەناهییەکان بە «ناهیدە» خۆی دەناسێنێ، ناوی کوڕەکەشی دەنێ حوسێن. حوسێنی بچووک دەبێتە مژدەی دەرچوونی یووسرا، پاش ئەوەی چەند جارێ بە هەوەسی خۆی، ژیڤانی لەگەڵ دادەنێت و لەناو خێمەکەی خۆی لەگەڵ کابرای چالاکی مرۆیی شەوی سوور ساز دەکەن، کورد گوتەنی: مەلا جاسمیش لە ترێ سەی چوو!

یووسرا، ماوەکی زۆر پێوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەو پیاوە چالاک دادەنێت بۆ ئەوەی متمانەیەکی باشی پێ بکات، دەیان جار سێکسی لەگەڵ دەکات. دواجار وای لێ دەکات، لە شەوێکی تاریکدا، لایەکی تەلبەندیی کەمپەکەی بۆ بدڕێنێت. زۆر نابات، یووسرا لەگەڵ ئوسامەی کوڕی لە کونێکی کراوەی تەلبەندیی کەمپەکە قوورتار دەبن، تا ئێستەیش کەس نازانێ چارەنووس بە کوێی گەیاندوون!





Scanned by TapScanner

چەکدارەکە قسەکانی تەواو کرد، منیش کۆتا فڕم لە چایە گەرمەکەی لە دەستم گرتبووم دا، خەریک بوو دەمم بسووتێ؛ چەکدارەکە گوتی:

- بۆچی هێندە پەلەتە؟
- ئاخەر دەبێ بەپەلە بگەڕێمەوە هەولێر، چونکی لێرە ئیشم تەواو بووە!

ماویەتی...

کۆتایی.



Scanned by TapScanner

SPONSORED BY:

# PASHA DENTAL LAB

0750 850 2222

0750 850 3333

Pasha Dental Lab

Pasha.Dental.Lab

Pasha.Lab

Scanned by TapScanner

گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ




کتێبخانەی ( PDF ) ›

Scanned by TapScanner